

# وەرە
# بمکە بە باخچە

# وەرە

## بمکە بەباخچە


نووسەر: بەیان ئیبراهیم

بابەت : شیعر

دیزاینی بەرگ و ناوەوە : ئومێد محەمەد

ژمارەی لاپەرە: (     )

تـــــــــیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی دووەم: ٢٠١٨

نرخ: (     ) دینار

چاپخانە :

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (     )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە

گروپی رۆشنبیریی گوڵیار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوبەری چاپ و بڵاوکردنەوە : هێمن بەرزنجی

گوڵیار



# وەرە
# بمکە بە باخچە

بەیان ئیبراهیم

٢٠١٨

## شیعر بۆ من هاوڕێمە و
## ڕۆژانە قسەدەکەین

شیعر گەڕانە بەدوای ئەو دنیایەدا کە (جوانیەکان و ژیان دۆستی) خۆی تیا مانیفێست دەکات، دروستکردنی دنیایەکە کە مرۆڤ کۆی بەریەککەوتنەکانی لەگەڵ دەوروبەر دەگۆڕێ، لەم دنیایەدا هەمو شتەکان جیاوازن (بینین و بیستن و چیژ) لە چوارچێوەی ستاتیکای دەقدا جۆرێکی ترە، دەکرێت ڕەنگ و دەنگ لەم دنیایەدا بە شێوەیەکی تر ڕێک بخرێت کە تەواو جیاوازە لەوەی کە هەیە، یان تێکدانی شتەکان و دروستکردنەوەی بەو شێوەیە کە شاعیر دروستی دەکات ، وەک تابلۆیەک لە وشە نمایشی دەکات، هەستی شاعیرانە دەکرێت بە ڕێژیەک لای هەمومان هەبێت ئەو کاتانەی کە دەچیتە ناو باخچەیەک یان

له کەناری ڕوبارێکدا یان دەنگی کەوێک بمانباتە ناو دنیایەکی شیعری، بەڵام کاتێک شاعیر ئەو بینینانە لە چوارچێوەی دەقێکدا و بە هێزی وشە دروستدەکات دەبێتە ئەو دنیایەی کە هەمومان ساتێک لە ساتەکان پێویستیمان پێی دەبێت، بە مانایەکی تر شیعر ئەگەر لە ناوەڕۆکدا بریتی بێت لە تێکشکاندنی ئەوەی هەیە و دروستکردنەوەی بە شێوەیەکی ترکە ناوەوەی شاعیردا هەیە، ئەوا لە ڕوی تەکنیکی شیعرەوە بۆ خۆی کارکردنە لەسەر دالەکان و فرەیی لە مەدلول و هارمۆنیەت ومۆزیک و جۆرە ستاتیکایەک کە بتوانرێت دنیایەک بەرهەم بێنێت جیاواز لەو دنیای کە بە واقع دەیبینین، دیوێکی تر شیعر دەستکاری کردنی ئەو وێنانەیە کە دەکرێت بۆ جوانیەکی هارمۆنی بگۆڕێت، کاتێک هێزی وشە لە جوگرافیای لاپەرەیەکدا دەبینین و وشە لەسەر ئەم شانۆی لاپەرەیە خۆی نمایش دەکات، خوێنەر دەباتە دنیایەک کە دەکرێت بە دوا دنیای ئاسودەی و ئارامی ببینین، شیعر ژەنینی مۆزیکیکە بێ ئەوەی ئالەتی مۆزیکی بزانی خۆی لە مۆزیکی وشەدا دەبینێتەوە، کێشانی تابلۆیە بێ ئەوەی شاعیر بە فیعلی ڕەنگی لابێت یان فڵچە، کەچی ڕەنگی وشە دەبێتە ئەو تابلۆیەی کە یەکانگیرە لەگەڵ بینیندا، شیعر ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ دنیایکی پڕ لە ڕەنگ و دەنگ و جوانی.

شیعر بۆ منی ژن ئەو دنیایەیە کە کاتێ هاوار دەکەم ئەو گوێ ی لێمە، کە دەگریم فرمێسکەکانم بۆ دەسڕێ، کە چاوم تێک دەچێت پڕم دەکات لە تابلۆی ڕەنگ، کە دەڕوخێم شیعر دروستم دەکاتەوە، تاکە هاوڕێمە دەستی کوێریم دەگرێت،

قسەدەکەین پێکەوە کاتێ دەڵێم لێرە ژن بون قورسە، ئەو دەمباتە ماڵەکەی خۆی کە ژن بون تێدا پڕە لە ئازادی پڕە لە فڕین ، شیعر ڕۆژانە قسەم لەگەڵ دەکات لە هەمو شوێنکدا دەیبینم، کە ئاو دەبینم کە لقی شۆڕە بیەک دەشەکەیتەوە کە خونچەیەک دەپشکۆێ، کە شیعر دەمباتەوە بەردەم مناڵیم دەمباتەوە لای باوکم دەمباتەوە ئەو کاتانەی کە خەیاڵ دەفڕێ بۆ ئاسمانی عەشق، لە هەمو جوانیەکاندا دەیبینم، دەیبینم و دێتە ناومەوە ژیانم بۆ ڕەنگ دەکات و ئاسودەیم دەداتێ.

ئەم نمایشە شیعریە کۆمەڵیک قەسیدە و دەقی شیعری و شیعری لیریکە، هەوڵێکی ژنانەی منە تا بتوانم ئەوەی دەمەوێت بیڵێم بتوانم لەم میمبەری وشەوە گوزارشت لە ژیانێکی جوانتر بکەم، ئەگەر چی زۆر جار من زۆر گرنگیم بە لایەنی تەکنیکی شیعری نەداوە لە ڕوی دال و مەدلول و هارمۆنیەت و قافیە و کێشەوە شیعر زۆر کات خۆی خۆی ڕێک دەخات، وەک لایەنی زمانەوانی هەولْم داوە زمانێکی سادە و بنەماکانی ڕێزمانی تیا ڕەچاو بکەم، وەک ئەوەی کە کاریگەری شاعیرانی تر هەبێت ئەو گومانی نیە چۆن بتەوێ بچیتە ناو سروشت یان بدەی لە دەرگای ماڵی شیعر یان ماڵێک لە شیعر بۆ خۆت دروست بکەی ئەگەر بە کاڵیش بێ کاریگەری شاعیرانی ترت هەر لەسەر دەبێت و زۆر جار ئەم ماڵە من دەرگایەکی یان پەنجەرەیەکی بینینی شاعیرانی تری پێوەیە بە تایبە شێرکۆ بێ کەس، کە لە دنیای ئێمەدا شێرکۆ لە هەمو شوێنێکی شیعردا ئامادەیە،

هەوڵ تەواوم داوە ماڵەکە خۆم دروستی بکەم، بەڵام دواجار بێ کاریگەری ئەوانی تر نەبوە، بە دیوێکی تردا منی ژن لەم واقعە کۆمەڵایەتیە و سیاسیەی کە تەواوی ڕۆحی ژنەکان دەکوژێت شیعر لانەی ئازدییەکانم بوە، شیعر خۆی پێ ی وتوم ئیشی من دروستکردنی دنیایەکە تا تۆی ژن تێیدا ئازاد بیت.

لەگەڵ باخچەیەک لە گوڵی ڕێز بۆ ئێوە.

**بەیان ئیبراهیم**
**٢٠١٨/٩/٢١**

# ئاوێنە شکاوەکانی نیشتمانم!


لە هەناوی پیاوێکدا کۆکردەوە

هاتۆتە ناو ناخم

ئیتر فیراق بێ مانایە

کاتێك دڵیشم بوەستێ

خۆشەویستی ئەو لەرۆحمایە.



# پێبزانی یا نەزانی

سپێدەی عەشقم
پڕ لەنووره
سۆمای چاوم
بۆدیدارت
ئاسمانێکی
پڕ ئەستێره و مانگ و خۆره
بۆچ لەسۆزی دڵم ناگەی
وەک هەرزەیەک شێت و شووره
توورەش بي
قاقاکانی بیسنووره.
بەس ئەمجاره
سەرێک بکە بەباوەشی یادگاریما
بزانە چۆن
پڕت دەکەم
لەحەسرەتی بێ بڕانەوه
لەخرۆشی هەڵسانەوه
بەس بمبینە
لێوانلێوت دەکەم لەماچ
پرچت بۆ دەکەم
بەساباب
وەک هەڵاڵەی



دەم پۆرگی گوڵ

دەتخەمە ناو هەناومەوە

وەک قۆزاخەی دەمەو بەیان

دەبمە پەپوولەی باڵ نەخشین

بۆ ڕۆحت دێنم ڕەنگین

پڕت دەکەم

لەڕەنگی حۆم


لەنوری خۆم

لەعیشقی خۆم

هەتا ئەودەمە بۆ ئەبەد

من دەبمە تۆ و

تۆش دەبی بەخۆم.



# ئەی خۆشەویست

هەرچەند دەکەم ناتوانم
بەئاسمانی خەیاڵاندا
هەڵزنێم
سەیوانێ بۆ خەمم چێکەم
نەدەشتوانم لەژوانێکدا
لەباوەشی پڕ میهرتا
وەنەوزێ بدەم
یا ببمە هەناسەییەکی
بێ هەنیسک،
لەکۆتا ڕاموساندا
غەمەکانم ئازاد کەم
یان بەدەم
لێکترازانی لێومان
لەدوا ماچی دەمەوبەیان
ئەو دەمانەی
سەراپای ڕۆحم
بۆسۆراغی
شوێن لێوەکانت دەگەڕێ
لەوناسۆری دابڕانە
لەو گەرمەی ئازارو ژانە



ئەو كاتانەی دڵەڕاوكێ

وێرانم دەكا

بیانكەمە ئارامیشێ

بۆ ژیان.ئەوزەمەنە

پێڵووی چاوم

لەهەنگاوە كانم

قورستر دەبێ

هەناسەم دەبێتە

سروەی دەمەوبەیان

بمخەرە ژێر هەوری دڵنیاییت.

***

بەسۆزی پر موحبەتت

بمشۆرەوە

بەبارانی پڕ لەفەزیلەت ببارێنە

ڕەژووی سووتاوم گەشكەرەوە

بۆ دیدارت دادەگیرسێم

ڕێم دە لەئامێزتاچرۆكەم

بەقەد جوانیت باڵا كەم.

خۆت دەزانی


ئامێزی میهری تۆ نەبێ

هیچ شتێ هێورم ناكاتەوە

وەرە با هیندە ڕاتمووسم

تا بێدەنگی

بێزار دەكەین.



# بوونت

تەنها وەرزی نییە،

لەگەڵ هاتن تیژ تێپەرێ

کەنارێکی ئاسودەیە وردەشەپۆل

مەلی دەریاش نسێی سەری

بوونت بۆمن

نەسیمێکی بەیانییە

وەك بای سەبا

بەم پیرییەم ساتەکانم

گوڵ ڕەنگ دەکا

گوتیان: لەپەلکەزێرینە دەچێ ڕەنگی

گوتم: نا

ئەی لەنەسیم سۆزی وەرگرتوە

گوتم: نا

ئەی هاژە فێری ئاوێزانی کردوە

گوتم: نا

ئەی ئەستێرە چاوی رشتوە

گوتم: نا

ئەو تەنها ئەوەو

لەخۆی نەبێ

لەکەس ناچێ



# من ژنم

من ئازادیم لەکەس زەوت نەکردووە
بۆیە نەڕام دەبم
نە دەهێڵم ئازادیم زەوت کەن
من ژنم
من ئەو کەسەم جوانی شەرمم لێ دەکا!
باخچە پرسم پێ دەکا
دەریا چاوم دەڕێژێ!
ئاسمان دەبێتە سێبەری سەرم
من کراسەکەم پێستم دەشارێتەوە
بۆیە ڕقم لێیەتی،
من وەك خوم جوانم
پێم مەڵێ چۆن جوانتر دەبم
ئەوەتۆ وا دەڵێی
نەك من
تۆ لەژنێتیم شەرم دەکەی
تۆ ئیرەیی بەئازادیم دەبەی
من وەك پاسارییەکی ئازاد
وەك ئاسمان هزرم رەوشەن
من ژنم ڕووت ببمەوە
یان وەك دەریا خوڕەی
شەپۆلم دێ.



# سپێدەت باش

ئەم بەیانییە دڵ ئارامی لەکوێیە؟
مشتێ لە کازیوەو
تۆزێ تریفە لەئارامی و
هەندێ لەتۆش رۆشنایی
لەگەڵ خۆت هەڵیگرە بۆم
من ئاڵودەی بەر سێبەری باڵاتم
بەسەردانی باخچەو
کورسی ژێر دارکاژەکان
بیرەوەریەکانم
لای ئەوان جێهێشتووە
جاربەجار سەر لەسنگی ژوانێکی نوێ دەدەم
دەلێم نەبا ئەم ژوانە زویر بێ.!



# ئەی خەم

کە من زامەکانم ئاویتە ن
هەرچەندە سنەوبەری باڵام
نووچی بەردەم نیگاو سۆزتە،
من ئاوێنەی خەمەکانتم
خۆم دەدەم بە دەم با
گرنگ نییە
لەداوێنی کام شۆڕەبی
لەلێواری کام ڕووباڕی حەز
ڕۆژگار لام لێ دەکاتەوە.



# کە لە دایکبووم

خامێکی سپی بەباڵای مەلۆتکەیم دوورا

تەمەنی خستمە ناو لاپەرەیەکی سپیەوە

بوونم وەك گوڵەئەرخەوانێ گەشایەوە

لەئامێزی دایکما

کەدایکم جێهێشت

ژیان بەلێواری زەوییەوە

خەریکبوو دەکەوتە خوارێ

هاتم

نەیان هێشت باران

وەک وێنەی ژن بباری

هاتم

باڵەخانەی ژنێتیم

پڕ بوو لە قەفەز بۆ ئازادی

باخچەیەک بووم

مانای پەرژینم نەدەزانی

نەمدەزانی منی مێ



نابێ لەبەردەم ئاوێنە ئاویکانیەکدا

پرچم دابهێنم

نابێ شەوانە لەسەر بان سەیری مانگ

بکەم

هاتم

هەر خۆم بووم

لەپارچەی شکاوی ژیان جوانترین ئاوێنەم

دروست کرد

ژیانم لەئینجانەی ماڵەکەمدا ڕواند

کانیم هێنایە ماڵەکەمەوە

لەگەڵ مانگ نانی ئێوارەمان دەخوارد

هەر خۆم وام کرد

لەزەمەنی مردندا

لەڕۆژی لەدایکبوونما

بەدەستی خۆم پرسەم ناشت و


ژنێیتیم تژی کرد

لەژیان

بوومە ژێ بۆ گۆرانی

بۆ پێکەنین

بۆ سەما.



# باخچە

ئەگەر باخچە بەتۆ بچێ
گوڵ ڕەونەقی لەتۆ بردوە
کەنەسمە تژی لەخەندەو
شۆرەبییە باڵابەرزەکان
چاویان لەباڵای تۆ کردوە
کاتێ دەستی گرتم
نەم دەزانی بۆ وەك پرچی شۆرەبی
بەر گوێی چەمێ
لەترسی نەرمە شەپۆل
هەموو جەستەم کەوتە
لەرزین
کەویستی لەئامێزم کا
دەمی ئاخاوتنم لاڵ بوو
جەستەم بەنزمەتایەك
گەرم داهات
هەناسەم ئەی ئەو ئاهەی تا نیگامان تێکەڵ دەبێ
هەر وون نابی.



# باوانم

تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە

ئازار جەستەی شەکەت کردووی

گریان دوا سۆمای سوتاندووی

چاوەروانی سەرجەم تەمەنی بردووی

تۆ لە ئەستیرەت روانیوە

خۆرنشین چۆن دەست لەملی شار دەکا

منیش لەچاوەروانی هاتنتا


بۆ بەڵێنێ

دەستم لەملی تۆدایە

تۆ بیر لەچی ئەکەیتە وە

من لەچاوەروانی هاتنتا

سەد ئومێدم هۆنیوەتەوە



# بیرت ئەکەم

وەک زەوی وشکەهەڵاتوو بۆ باران

وەک عاشقێکی تامەزرۆ

دوای یەکەم ژوان

وەکو شلکە شۆڕەبییەک

بەلەرزە لەرز

بۆ دەم ماچی وردە شەپۆل

پێش وەیشومەی ڕەشی خەزان

وەک دواین ڕۆژی دیدار

دوایین ماچ

دوایین باوەشی بەرە بەیان

وەک دوانامەی نەخوێندراوەی

دوای نیوە شەو

بۆ دیدارت

هەرووەک ئیستا

بیرت دەکەم

بەدڵێکی پڕتاسەوە.



# بەرلەدیداری خەمێ

لەسەر جەستەی عیشق

پەپولەکانی باخچەیەک

لەسەرچڵێکی ناسك

دەیان چیرۆکی من و تۆیان

بۆگوڵەکان گێرایەوە

بەیاسەمینەکانیان کوت:

ئەوان هاورێی ئیمەن

گوڵەباخێکی سپی

هەڵیدایە

کوتی: یەکەم جار

من بەبەرۆکی ماچەکانیاندا بوومە شایەت

ئەی نابینی لەحەشمەتا

چەند کراوەم.




# بەیانیت باش

-باخچەی دڵم
چەپکێ چاوەڕوانیم پێییە
لەگەڵ مشتێ خەیاڵی تۆ
بەعەتری دیدارێ
پڕ بۆنم کردوون
دەکرێ لیم وەرگری
من بێ لەنوقڵانەی ماچێ
چی دیم بوێ
بەڵێن دەدەی
دەرگای دڵت بکەیتەوەو
وەك قەبزە نوشتەی تەمەن
چەند ماچیکم
وەکو دیاری تیا هەڵگری.



# ئەم بەیانیە

باخچە بۆنیگات
خەندە ئەیگرت
گوڵ بۆ ماچی دەم
بەپەلەیەکی عاشق
سەد بیانوی ئەدۆزیەوە
ئاگادار بوویت
سەروەکەی سەرتان
چەمابۆەوە گویی لە رازی ئیوەئەگرت
کەزانی لە عەشق ئەدوێن
بەبای وت دەستم بگرە
باراست ببمەوە
لەعیشق شەرم ئەم گرێ
لەژێرسایەی سێبەرم دان
تۆ نابینی ووردە ماچ ئەچننەوە.



# که ژنێ دەکوژن

باخچەیەك دەمرێت و دەپووکێتەوە

که ژنێ ئێرە جێدێڵێ

ئیتر گوڵەکان ناپشکوێت و بەهاریش نایەتەوە

کەدەتانەوێ ئێرە خاڵی کەن لەژن

ئەوە ژیان گۆرستانە رۆچوونی دڵەکانە

بۆ ناو دەریایەکی بێ بن

کاتێك دەتانەوێ ژن ئازاد نەبێ

ئەوە فرین لە باڵدارەکان دەستێننەوە

سەوزایی لە باخچەو

گۆر بۆ ناسکی و

میهرەبانی بە چەقۆی سەردەمە کۆنەکان دەدوورنەوە.




# ئافرەت پارک نییە

بۆ پیاسەیەک تیایدا بگەڕێی
ئاسمانە دەبێ بۆی بفڕی.

ئافرەت جگەرەیەک نییە بیکێشی و تەواو بێ
ئۆکسجینە دەبێ پێی بژی.

ئافرەت ڕۆژنامەیەک نییە بیخوێنیتەوە و
جێیبهێڵی
کتێبەتێبێکە دەبێ لێیتێبگەی.

ئافرەت ژیانە،
ئەگەر دەتوانی بژی بۆی.



# بیرت ئەکەم

بیری ووردە چپە و
وردە باس وجا رجا ر
نیگای وێڵی دووری
ئاوقات دەبوو
من بۆ دیدارت لەسەر گڕ
تۆش هێمن نەرم نەرم،
سەیرت دەکردم ئەوکاتەی تۆ
لەشەقامەکە پێشمکەوتی
من نیگام بۆت بوو بەهەزار چاو
سەیرم دەکردی بەچاو پێت کوتم
خۆشمدەوێی تۆ خەم ساردی
کەحەزت دەکرد دەستم بگری
هە تا چاو نیگا بکا
بەتاسەوە لێم بڕوانی



# ئەو دڵێكی داخراو بوو

تە نیا لەپەنجە رە یەكی بچووكەوە
دەیڕوانی
بەچڵێكی ناسك دەچوو،
كەشەوانە لەپەنجەرەكەوە دەیڕوانی
چرایەك كز دەسوتا
هەزار باخچەی
لەجەستەیدا سەوز دەكرد
ئەو هاورێی ئاوەدانی بوو
من بەبیرمە
وەك باڵندەیەكی سرك
رامی دڵنیایی دەكرد
زۆرهێمن جوڵەی دەكرد
چەپكێ تیشكی پەخش دەكرد
بەرچنەیە گوڵی پێبوو
بۆنی بۆ ژوورەكەی هێنا
ئەوكاتە درك پەنجەرەكەی واڵا كرد
پۆلێ هەواڵ وەژوور كەوتن
كوكوختیەك لەهەوڵی نامە كەی ئەودا بوو
چەند دێڕێكی وەك سەرەتا بۆ باس دەكرد
لەهەواڵی خوشەویستی ئەو
بەگوما ن نەبوو
بۆیە پەنجەرەكەی واڵا كردوو
هەوری سینەی بەرەڵا كرد.



# مەست بە

بەمەستی  لەئامێزم کە

بەمەستی ماچەکانم لێ بسەنە

کەمەست دە بی

دەبیتە تۆپێ لەئاگر

منیش کوانوی گر بۆتۆ

مەست بە

بە مەستی جوانین

وشەکانما ن پر دەبن لەراستی

نیگای درۆینە ناکەین

ماچەکا نمان

زمانما ن گرێ دەدا

پەنجەکانمان

پانتای جەستە داگیر دەکا.



# جوتبوون

سەمایەك لەگەڵ با

پەیڤێکە پڕ بەدەمی دەریا تەڕ

بەڕەنگی باخچە تێپەڕبوون


وەك بەفربێدەنگ

وەك ســەمای پاساری شەرە نگێز

ورد ورد دەبارێتە سەر رۆح

هێشتا لەبە ینی من وتۆدا

بەریژنە بەفر دێ.



# دەستەکانتم بەرێ

ژیان بەشی هەردووکما ن دەکا

نیگاکانتم لێ مەشارەوە

کەمن بێ تۆ کەس شك نابە م

کەی پێك گەیشتین

پێت دە ڵێم بیانوو نامێنێ بۆگوتن

پەرد ە بەرووی ئاسماندا

دەگیرێ

بەر لەهەور و باران

رووبارریچکە ی لەکۆڵ دەگرێ

ئەڤینم بۆتۆ رێ پیدراوە

چیتر رێگەم پێ ناگیرێ

ئەگەر هەبێ بیانوی سادە

ئەگەر هەبێ وتە ورت و

خەندە و بزە و شە رمی کوتن

ئەوسا مرواری رۆحم دەدەم بەتۆ

بەکۆڵانەکانی یۆتۆپیا

دەتگێرم

دەتبەم بۆ سەر زەمینی عیشق

دەستەکانت دەگرم

دهبینە خەیاڵێکی بیر لەیاد نەکراو.



# ئەی زاڵم ڕۆحیێ لەپاڵمایە

گوێ لەتەپەی نەفەسم ناگرێ

بۆئەوە نیگاکانم

چە پك ناکات

دەستی ناداتە دەستم

گەمە بەڕۆحم دەکا

من بۆ ئەو ئاوێتە

بۆ ئەو کۆترە باریکەی خەیاڵ

بۆ ئە و چیرۆکی نەبیسترا و

ئاگر وە ك دڵی من گەرم نییە

شەختەش وە ك دڵی ئەو سارد

ئای خەمەکەم چەند بیرتەکەم

بیری قاقای تژی لەخەندە

نیگای تەڕی چاوەکانت

بیرت دەکەم.




# لەچی وێڵی

من لێرەم ئەگەر ها تی
تە نها چرایەك لەگەڵ خۆت بێنە
یان چیرۆکێکی تازە
باس لەو رۆژانە بکات
گۆرانیمان تیانووسیەوە
بەنهینی هەواڵی یەکتریما ن دەپرسی
تۆ کەی سە ردانم دەکەی
تا بەباوەشێ گوڵاڵەوە
پێشوازیت کەم
منیك بۆ دیدارت سەراپا سوتاوم
نەژوانیکمان پێ رێك دەخرێ
نەماچێ دەکەینە چاوی دیدار
من بۆدیدارت یەك پارچە میهرە بانیم
زووکە لەئامێزم کە.



# ئەی خەمی من

دەبوو تۆم لەپەنای کانییەکدا ناسی با
لەبۆنی گوڵێکدا
لە لەرینەوەی چڵە ڕێحانەییەکدا
تاماشای بەهار لەتۆوە فێر بم
ئەی خەمی من
دەبوو بمزانیبا دڵ بێ باخچە بوو بێ تۆ
بینایی بێ بینین بوو بێ تۆ
دەبهێڵە با تێر سەیرت کەم
تا لەبۆن و ڕەنگت تێر بم




# دەبوو زووتر بهاتمایە

ببوورە درەنگ هاتم...
درەنگ کەوتم...لەتۆ ناسین
دەبوو زووتر لەزمانی کوکوختی تێ بگە م
کەتۆم ناسی ئەوسا گوێم کرایەوە
د ەبوو زووتر پەلکەزێڕێنەم ببینیایە
کەتۆم ناسی ئەوسا
پەلکەزێڕینە لەناو ڕەنگەکانیدا توایەوە
دەبوو زووتر تۆم بناسییایە
تا ژیان جوانتر ببینم
تا تێبگە م عەشق لەکوێی ژیاندایە
تا تێبگە م لەکا م ئاسمانی تۆمرواری تیادایە
تا بمتوانیایە لەگە ڵ شەقامی ئاڵتون قسە بکە م
لەگەڵ ڕێحانە بنووستمایە
دەبوو زووتر تۆم بناسیایە
ئێستە دەتوانم هەناسە بدەم
ئێستە دەزانم جوانی ژیان لەکوێدایە.



# هێندە بیرت دەکەم

ناتوانم بۆ ساتێکیش
لەبەرچاوانم ونت بکەم
هێندەی مەستی چاو ەکانتم
لەچاوما جێنزرگەو
جێگەی ژوانت بۆ ساتێکێش
لێم وون نابێ
ئەوە مردن چاوەرێمە
مەرگەساتم
گریانم گەنم دەگرێ
هێندە بەئارامی گریام
فرمێسکم لەگەڵ باران
تێکە ڵ بەهەور بوو
دڵەی پرژانم
وێرانبووە
هێندە وردوخاشی کردم
تاقەتی کۆکردنەوەیم نییە



# کەشەو هات

بەبیرم بێنەوە

مشتێ خەون  لەمانگەشەو

چاو ەروانی لەئەستێرە

ماڵئاوایی لەزەردەپەر

دەنگی پێی چاوەروانی

لەنیگا سرکەکانی گەرەك

ترپەترپی دڵنیایی

لەبوونی دەمی قولاپ

لەنیگای ماسییەکی سرك دا

من لەم منی چاوەر وانییە

کەی پێکدەگەین



# ناونیشانێکم بدەرێ

ناونیشانێکم بدەرێ
لەپەنای مانگی چاوت
تائەستێرەی خاڵەکانت بژمێرم
بزانم چەند جار
لەدڵی خۆت....هەواڵت پرسیوم
ناونیشانێکم بدەرێ
لای خاڵخاڵۆکەی ڕوومەتت
تا بزانم چەند جار
بزەت پێ بەخشیوم
ناونیشانێکم بدەرێ
لەسەر لێوت
تا بزانم چەندجار
گوڵ ئیرەیی پێ بردوی
چەند جار پەپولە ڕەنگی تۆی پۆشیوە
چەند جار
ئەم دڵەی من کڕنۆشی بۆ بردوی
ناونێشانێک وەک باڵای تۆ و





وەرە
بمکە بە باخچە

جوانی گوڵە گەنم و


ناسکی ئاو

ئەدرەسێکم دەوێ

لەپەنای تاڤگەی دەنگی تۆدا بێ

تا پڕم کەی لەبارانی ماچ و

لەناو ڕۆحما ببی بەگوڵی لاولاو.



# خوشم دەوێیت

دەزانی بۆ

هیند بۆ دڵم میهرەبانی

بەرەنگی ئاو

بەنەرمی ئاو

بەنسێی دار چوالەیەکی بەهار

پر بۆن

بە سۆزی پاسارییەك

بۆ جێی لانەیەك عەجول

بەهیمنی شەوگار بێدەنگ

من باس لەبێ سنووری سۆزت دەکەم

بۆ ئەو پەری خوشەویستی

دەتوانی لەماچێکدا


جێم کەیتەوە

لەئامێزتا غروورم لەچاوتدا

ببەزێنی

ئای گەر دەتزانی چەند

خۆ شمدەوێی.



# نه خێر وانیه....!

ئەوە مەرگی گەڵا نییە کەدەوەرێ

نەخێر پایز مەرگی گەڵا نییە

پایز بۆ گەڵای بەهاریی گەیشتنە بەخاک

ئاوێزانبوونی گەڵایە بەخاک

نیشتنەوەیە لەسەر سنگی زەوی

ئەها گیانی من

تۆ چی دنیاییەکت بۆ وێنەکردووم

بۆ منیش پایز بەهاری نیشتنەوەی گەڵای دڵمە

بۆ سەر خاکی جەستەت

تا تەڕ تر ببێ

نەخێر ،

وشکبوونی جۆگە ناکاتە مەرگی ئاو

ناگاتە وشکبونی دەریاکان

ئەوە عشقی ئاوە

بەپەلکەی تیشکی خۆرا

بۆ ناو سنگی ئاسمان

ئەها گیانی من

چۆن دڵم دەبێ بەهەڵم


تا پیکەوە ببین بەتەمتومان

ئەها گیانی من.



# ریگایەک ورد ورد
# پەپولەی خەیاڵە لەبەر دەما

ریگایەك وێڵم دەكا
لەدەوری ڕووت بەخەندەوە بانگم دەكا
لێوێك تمەن وێران دەكا
بە دەم نەرمە شەپۆلی نیگاتەوە
خەمێك تەنها خەمی تۆیە
تۆیەك كەناتوانم
جێت بهێڵم
تۆیەك بۆ من
دەبیتە دنیاییەک بینینم
دەبیتە كەلەپچە بۆ ژینم



# هەرچی دەکەی
# بۆ خۆت بیکە

بەڵام لەنیگاتا جیم کەرەوە

لەسۆزتا هەڵم گرە

ببەساباتی بۆ ئەم رۆحە

ببە دەریا بۆ خەیاڵم

ببە ئەوین بۆ ئەم مێژووە

ئەی نابینی پیرە ساڵێ

سەیرت ئەکا

چاو لەچاوت ناتروکێنێ

هەزار هەنگاو لەبەردەمتا

کورت هەڵ دێنێ.



# تۆبلێی

بڵێسەو ئەوینی یادی تۆ
لەزستانی خەم برەوێتەوە
تۆ بڵێی
نیگاکانم ببنە مانگە شەو
لەئاسمانی تۆدا بدرەوشێتەوە
تۆبڵێی
بەهاتنت باوەشی تەنیاییم
وەکو تاڤگە هاژەی ماچم بشارێتەوە
تۆبڵێی
بەو ئەوینەی پێت بەخشیم
رۆحی مردووم زیندوو بێتەوە
تۆ بڵێی
پەلکە زێرینەی قژم
لەدنیای چاوتا بگەشێتەوە تۆبڵێی؟
شەوانی بەرپەنجەرەم
لەگەڵ تۆدا بەیانیەك دەستپێبكاتەوە
لە كۆتایی هەر شەوێكا لەچاوانتا
دوبارە رۆژم هەڵبێتەوە



تۆبڵێی

لێوی تینوم

بۆ دواساتەکانی ژیانم ئاویاری کات

تۆ بڵێی

بە هەڵ کردنی یەکەم چرا

دەست لەملان بین وینەی دوو دڵدار

تۆبڵێ

لەناڵەی ناخی خنکاوم

برژێمە سەر شیلەی گوڵم

تاساریژ بێت دەردی دڵم

ئەی دڵەشێتە دوورەکەم

ئەمشەو شیعرێکی جوان

تۆی هێنا بۆ ژورەکەم



# ئاشنامكە بەڕۆحت

ئەمە گەرانێكە رەوان دەبێژێ
دەبمە هێشوە گێلاسی دڵت
دەستەكانت مێخەكن لەملم
تەنها دلێ شك دەبەم
بەتۆی دەدەم
وەرە بەهاتنت رۆحم سەوز دەبێ
وەرە بابیینە گوڵەباخێكی چوار وەرزە
وەرە با وەك پەرەسیلكەكان
پێش جووتبوون هێلانەیەك
چێكەین
لەو بیانوانە گەرێ كەڕۆژانە
كاتەكانی پێ رەت دەكەی
لەئاوازێ بگەرێ هەردووكمان دڵخۆش دەبین
كەئیوارە كڵاوەكەی داگرت چاوەڕوانتم.



بەئاینده بڵین ئێمەهەین

بەباخچە بڵین جورێکی تر

لەرەنگ و جوریکی تر

لەبۆنین

بەژوان بڵێن

ئێمە تەمەن دەدەینە دەست رۆژگار و

بەنەرمە ماچ دەبینە هاورێی تۆ

ئەی تۆ باسی چیتر بۆ عیشق دەکەی

باسی ئەو شەوانەی بێ ماچ

بەریمان کرد

بەبێ چرا رێمان دەکرد

شەقام لەئێمە دەگەرا

شوێنێ نەبوو

چەترێکی بەختەوەری

تێدا هەڵدەین من پێمکوتی

ئەگەر هاتی بۆ ماڵەکەم

تەنیا وەرە

من لەتەنیاییم لەگەڵ تۆدا

دەبمە هەنارێکی ئاودار

دەمی قەیسییەکی

پرشیلە

بۆنی لیمۆیەکی ترش

ئەگەر هاتی بۆ ماڵەکەم

تەنیا وەرە.



# دەبیتە خەم

وەك سوێ توند لەسینەمدا

چیت بۆ بکەم

لەباخچەیەك بەدیار خەیاڵی

ژوانێ

تێر تێر دەگریم

دەبمە ناسنامەی ئازار

ناونیشانی تۆ لەسەر پشتی ئەو نامەیەدەنوسم و

بۆت دەنیرم

بڵێی پۆستەچییەك هەبێ

ئەم نامەیە بۆ تۆ بێنێ.



# بۆ دیدارت

دەبمە باڵداری لانەواز

تووڕە مەبە

کەدەزانی سوێی دیدارت

ئەم سوتێنێ

هێشوی حەزم دەرنیتەوە

نیگای چاوم لێت تێر نابێ

من بۆ دیدارت مەلێکی سڵ

کەنارێکی بێ شەپۆل و

بەهارێکی بەبێ گوڵزار

من سۆمای چاوم بەبێ تۆ

کز دەروانێ

حەزی لێوم بۆ ماچی تەر

شەرمن لێت دەروانێ

من ساڵ و رۆژ دەستیان گرتووم

بۆ دیدارت هەزار بیانویان

پێ گرتووم

خوشمدەوێی نیگام لەدووریتا

دەسوتێت



# من ژنێکم لەرەنگی پەلکەزێڕینە

بەبۆنی ڕیحانە و گولەبەیبونی کێوی

کەنەرمە با دەیدا بەبەر

دامێنی بنارداو

مامزی کێوی هەڵوێستە دەکا

ئەوە من بەژنی ڕووتەوە

لەبەردەم تەڤی شەپۆلی

کویستانەوە مانگەشەو

لەسەیرم چاو داناخا

من ژنی بەردەم هەناسەگەرمەکانینیگایەك

پیاوێ لەحزوری تەماشامدا چاوداناخا

من ژنی بەردەم نەغمەی جووتێ کەناری قەفەزدا

حەزی جووتبوون بیدەنگیان

ناکات

من ژنی بەردەم حەزە ئاڵۆزەکانم

نام بینی.



# ئەی پیاو

لە نیگاتاجلەکانم لەبەر دامەکەنە

هەمیشە وەك کێڵگە بۆکێڵان

لەجەستەم مەڕوانە

وەك زەوی وەرد بەگاسنی رق

مەم کێڵە

بزانە من ناسکیم لەئاو سەندووەو

جوانیشم لەباخچە

من چ گوڵیکم  تژی لەجوانی

هێمن دەستم بۆ بینە

ئەی پیاو بەو زەقاوەی پێشتەوە مەنازە

هەموو زەقاو لەپێشێ

ناتوانێ مروڤ بێ

ئەی پیاو من ژنێتیم بەژیان بەخشی

جوانیشم  بەڕووناکی.



من بۆ چنینەوەی ڕازەکان
بەرچنەییەك نزام پێ بوو
من بۆ بەربارانی نیگات
بەپێی خاوسی و
بەبێ چەتر هەنگاو دەنێم
دەبمە کۆترێکی لانەواز
بۆ ژێرباڵی ئەو
دەبمە خەمی جێژوان و
وەك پەپوولە بۆ دەمی گوڵ
گلاراومە.
لێم مەپرسە بۆژوانی لەبیرچوومان
بۆخەزانی لاوێتیمان چی شک دەبەی
بێجگە لەبەرچنەیەک گەڵای وەریوو
هیچ شک نابەی.



# من هەمو پارچەکانی ژنێتم

لە سێبەری خەنجەراکاندا دۆزیەوە

ئەم ڕیگایەی منی پیا دەڕۆم

پێکهاتەیەکە لە گوێزان


بۆ ناساندی خوێنی من

کاروانێکە لە مێژووەوە.



# ئەمشەو

نەدەردە دڵمان کرد
نەنیگامان گۆڕیەوە
نەتەزوی دەستگرتنێ
بانگی کردین گەرسەردانی ڕۆحم نەکەی
گەرهەناسە تیکەڵ نەکەین
دەی چی لەم هەورەی عەشقەماندا
جێکەینەوە
من ئەگەر نەیەی
هەموو شەویکم یەڵدایە
سوناتای عەشقی ئەم دڵە...
هیند نزیك لەڕۆحمی
لەسپیدە  نیگا دەکەی
لەباخچە  دێیتە جێژوان
لەچاومدا دەبتە میرگ
لەژوانیشما وردە ماچ
گەرچی لەچاومدا  ئێشك  دەگری
لەدڵمدا بوویتە باخچە



مەستیش تۆم لەچاو ون ناکا

ئەمشەوی یەڵدایە بی تۆ

نەپێکێکت دایە دەستم

نەبەماچێ لێوت گەستم

نەدورە نامەیەکت  نارد

نەهاتیتە شوێن ژوانێ

چەندە مەستم بۆدیدات خەم دەبارێ



# بۆنی سوتان دەکەم

تۆ لەگەڵ ڕۆحتا دەستە جمعیت کردوە
ڕۆحت ئاوێتەی نیگات کردوە
پرسیوتە رەنگی سوتان چۆنە
ئاگری جەستەت لەحزووری
ئامێزی باخچەدا
سارد کردۆتەوە
تۆ هیچ لەراموسانی
باخچەو پەپولە دەزانی
تۆ بەچڵی گێلاسدا
ڕۆحت هەڵواسیوە
تۆ لەگەڵ لێوی توتفرنگیدا
لەلێوی ماچ
ئاوت دزیوە
من ئەو لەڕۆحمایە
گەرچی هێشتا ئامێزم نەکردوە
گەرچی هێشتا
تامی سوتانم لەباوەشیدا نەکردوە
بەئەندازەی گوڵێ جوان و



بەباڵای سەروو یەك نیگا

بەخەمی سەردانی گوڵێ مەست و

بەسۆزی ماچێ بێدەنگ

مەرۆ كەدەزانی

بەبێ من بێ ناو نیشان و


بەبێ من بێ ناسنامە مەرۆ

نەبا گەردەلول رێتپێبگۆرێ.



# سەردانت دەکەم

نینۆکەکانم سوور دەکەم
حەز دەکەم سوراوەکەم پەمەیی بێ
وا دەکەم سنگم گورج بێ
تا سێوەکانم بتوانێ
نیگاکانت بدزێ
دەزانی بۆ حەز دەکەم
بە بەژنێکی ڕێکەوە
نیگام بکەی
تاهێشوە ماچێ بکەین
بەسنگی ئەو جێژوانەی
لەژێردارهەنارەکەدا
دەیبەستین
خۆشمدەوێی
ئەگەر لەچاوەروانی تۆدا
سەوز بم گرنگ نییە
دەزانی بۆ
من موحتاجی لێوی تەری تۆم
من موحتاجی نیگاکانتم
خۆشمدەوێی
من سواڵی عەشقت
لێناکەم



# خۆشمدەوێی

دەشزانم  گوتنی ئەم وشەیە
سانا  ناچێتە بەرگوێ،
بەڵام دەزانم هەموو جەستە
دەکا بەگوێ و
ژمارەی لێدانی دڵیش
دوو هێندە.
خۆشمدەوێی
من هەرچەندە سیمام
رەنگی پیری گرتوە،
بەڵام دەزانم
تۆ لەحزووری عەشقمدا
شەرم ناتگرێ
بەوردە ماچ بەرێم دەکەی
پێم دەڵێ:
خۆشەویستی
کوا لەتەمەن و ساڵ ئەگەرێ



# بەر لەدیداری خەمێک

لەسەر جەستەی عیشق

پەپولەکانی باخچەکە

لەسەرچڵێکی ناسك

دەیان چیروکی من و تۆیان

بۆگوڵەکان گیرایەوە

بەیاسەمینەکانیان گووت

ئەوان هاورێی ئیمەن

گوڵە باخێکی سپی


هەڵیدایە

ووتی یەکەم جار من بەبەرۆکی

ماچەکانیاندا بوومە شایەت

ئەی نابینی لەحەشمەتا

چەند کراوەم.




# نازانم چیت پێبڵێم

نە دەبیتە باخچەی خەیاڵی من و
نە دەتوانی بمگریتە خۆت
نەشەپۆلێکی سەرشێت
ئەم هێنێت بۆ لای تۆ
نەدەتوانم پڕ بەڕۆحم باوەشت کەم
من چیم دابوو لە عەشقێ
کە نەتوانم لێوەکانم
لەسەر لێوەکانت ئۆقرە بگرێ و
بە گەرمی لێوەکانت
هەناسەی سادرم گەرمکاتەوە
زۆرجار یادی ماچەکانت
دەبێتە قەیسیەکی مزرو شیرین لەناو دەممدا
هەندێجاریش دەبیتە
گوڵەژاڵەیەکی رەنگ ئاڵ و بێ بۆن
چیت بۆ باسکەم
ئەمرۆ بێ تۆی هاورێمەو
ئەندێشەم دەستی ساڵی تەمەنم دەگرێ
چاوەڕوانیم بەدەم ئێوارەیی بینینتەوە
کۆڵانەکانی گەرەك و
شەقامی شار بۆ دیدارت دەگێرێ



# دەستی گرتم

نەمزانی بۆ وەك شۆڕەبی
بەر گوێی چەمێ
لەترسی نەرمە شەپۆل
هەموو جەستەم کەوتە
لەرزین
کەویستی لە ئامێزم کا
دەمی ئاخاوتنم لاڵ بوو
جەستەم بەنەرمە تایەك
گەرم داهات
چاوەکانم نازانم لەخۆشیاندا
یان لەترسی هەناسەی ئەو
ئاویان تێزا
من هەردوو چاوم داخستبوو
کە بەدەستەکانی دەستی گرتم
ئاااە خودایە چۆن نەمردم
وەك کەناری لەحەشمەتی
ئامێزیدا
لەهۆش خۆم چووم
ئەی بۆ دەڵێن
عەشق سوتانی تیا نییە
ئەوە نییە من دەسوتێم.



# بیرت دەکەم

بەبیرتا دێ
لەسەر شوستەی شەقامێك
ژوانێ رێك خەین
یان پێت خۆشە
دوو نسکافە بەتامی ووردە چپە
لەسەرمێزی کافتریایەك
بانگ بکەین و وردە رازو
وردە نیگا ئاڵوگۆر کەین
تۆ حەز دەکەیت کەتاریك بوو
لەژێر ئەستری مانگەشەودا
دوور لەچاوی رێبوارەکان
لەژێر دارکاژی شەقامێك
گوڵاو پرژێنی هەناسەمان بکەین
یان قژی هەتاوم شانە بکەی
یان باران لەسەر سینەم ببارێنی
من و تەنیاییەکانم کۆبکەیتەوە
تا بۆ ئەبەد عاشقت بم.



# بەباڵندەکان بڵێن

عیشقێ بۆتە هاورێم

تەمەن ساڵەکانی داوەتە دەست من

منیش بوومەتە گوڵ رەنگی

رۆژەکانی ئیستای

ڕۆحی لای من جۆلانە دەکاو

نیگای دەبیتە رۆشنای ئیستام

پیرێ بەگوڵزاری عیشق

دیتە ژوانی شیعرەکانم


وەك نەورەس بەرۆخی شەپۆلم

ئاشناو وەك کە نار لەچاوەروانی

شەپۆلمایە

من بۆ دیداری خەم سارد

ئەودیداری من سوتاو



# ئەمڕۆ پیاوێ

ئەمڕۆ پیاوێك بۆتە نسێی وشەكانم
ئەو كاتانەی بەنیگای سڵاو دەكا
لەدڵما لانەی ئەڤین گەورە دەبێ
تەرزی ماچم بۆ لێوی تۆ
ناسكترو تەرتر دەبێت
ئەمڕۆ پیاوێك لەهەناویدا
تەنها منم نیگاكانم ئاگری دەدا
جەستەی گەرم دادێ ولەرۆحما
چاو دادەخا
هەمووجارێ پەیڤە شیعرێك
وەك ملوانكە لەملم دەكا
پیاوێك بەهەستێكی جوان
دەملاوێنێ و
لەئامێزیدا هەناسەم ئارام دە



# بمبورە ئەی پیاو

بیرت بێ
من هەناسەیەکی نامۆ و
ئاسمانێك لەخەیاڵم
ئەگەر ویستت ڕامم کەی
تکایە سەردانی ئەو رۆژانە مەکە
خەیاڵ تیایدا بۆکوێ چووە
هەنگاوەکان چۆن وێڵ دەبن
پێکەکان خاڵی وشەوگارەکان درێژ دەبن؟
من ژنی پانتاییەکی خەیاڵم
ئەی نابینی بۆنی باخەکانی قەیسیم گرتوە
چەمێ لە خەیاڵمدا دێتودەچێ
ببورە ئەی پیاو ئەگەر ڕام نەبووم



کاتێك مێخەکە رژاوەکەی دایکم کۆکردەوە

پەنجەرەکان پێدەکەنین

سەدای گریان و ناڵە ی هیجرانی شەو

گۆرانی خەزان بۆ پایزی نیشتمان دەڵێنەوە



# دوای باران کەدێمە سەرشەقام

وەک ئەوەیە

بەپەلکە زێڕینە لە ئاسمانەوە

شیعرەکانم بهۆنمەوە

لەسەر سنگی خاک

گەڵا گەڵا کۆیان دەکەمەوە

تا پێکەوە ببین بەتەمووتوومان



# بوونی تۆ

وەك باڵەفرەی پاساریەکە

بۆفرین

شەپۆلێکی سەر شیتەو

حەز بەتەر بوونی بەژنی

شۆرەبییەك دەکامن چ منێکم

بۆ دیدارت ناتوانم

تیر بفرم



# هێندەی دەمی گوڵ هەنارێ

شکۆفەی رەنگ

هێندەی دەمی پڕ زارۆکێ بۆ قومێ مەم

دەم کراوە دەم بەدۆعا

هێندەی سێوی پڕ لەناز و پڕ چنگێ

بۆ نێوگەمەی هات و بردن

لەگەڵ باڵای

سنەوبەری رۆحی منا

دێن و دەچن

خە یاڵی من

بۆ شەو جیگەی خەیاڵی ئەو

ئای لەمن و ئای لەئەو



# بۆنت دەکەم

بۆنی هەناسەی دوای جێژوان

بۆنی عەتری لێوت دەکەم

ئەوکاتە تژی بووین لەماچ

تۆ بەچنگی شەرەنگێزی پیاوانەت و

من بەسۆز و نازی ژنێتیم

تۆ پیاوانە لەئامیزت دەکردم

من ژنانە لەئامیزتا

چاوەکانم لێك ئەنا

ئەوکاتەی تۆ سرووتی حەز چاوەکانی

پێ داخستی

من لەئامێزتا سر بووبووم

پاسارییەکانی سەرداری ژوانەکە

پێیان کوتم

ئەوە تۆی ئەی شازادەی ئەڤین، ئەڤین تا مردن



# ئەگەر دەزانی

هیندەی باڵی پەپولەیەك

دڵم دەرحەق بەدیدارت ناسك بووە

دلم ناشكێنی بەسوێی نەهاتنت


ڕۆحت بەدرەختی موفەركی

چاوەروانیەوە هەناسە قوڵ و قورس بووە

خوانەت گریێ

هاكا لەسوێی ژوانی نەهاتنتا

چاوە هەژارەكانم لێكنا



# مەهێڵە خۆشمبوێی

مەهێڵە هێندەم خۆشمبوێی
نەبادا لەبەر بارانی چاوەکانتا بتوێمەوە
نەبادا لەبەر شنەی هەناسەتا
وەك تولەبییەک بشکێمەوە
مەهێڵە هێندەم خۆشبوێی
نەبادا بەدەم هەنسکێکی بچووکتەوە بتلێمەوە
نەبادا وەک مەلێک لەنێو هێلانەی دڵتا
بۆ ئەبەد نەمەوێت بفڕم و
باڵەکانم لێککەمەوە
مەهێڵە هێندە لەنێو تۆدا ونبم
ناچار بم گشت گۆرانیە غەمگینەکان
بۆ چاوانت بڵێمەوە
مەهێڵە هێندەم خۆشبوێی
مەهێڵە لە ناوتا ونبم
با تەمەنی پیریم بەدەرزی جوانی تۆ
جارێکی تر بهۆنمەوە
دەبهێڵە با لەپەنای کەهەناسەتا
سنەوبەرێکی تەڕ لەشیعر بڕوێنم
با لەکانی چاوەکانتا
وێنەی عەشق بنەخشێنم
دە بهێڵە با بۆ ئەبەد
لە ناو تۆدا بتوێمەوە
با تا قیامەت گۆڕم لەناو تۆدا بێ و
لەگەڵ لێدانی دڵتا بژێمەوە



# پاساریەکان
# لەکۆچدا بوون

سنوور ون و کۆچ بێ سەدا

هەور کاروانی قووت دابوو


هەوار دووکەڵ

وشە نمەی تەرزی بارین بوو

چاوی شاعیر دوو ئەستێرەی

وەنەوشەیی

لە ناو سەردا ئاڵودەبوون



# ئەم ئیوارەیە

لەئەستێرە پرسیارم کرد
ووتم لەکوێی
هیچی نەوت
لەباخچەو
رێبورەکانم پرسی
زۆر بی باکانە
بێ دەنگ بوون
هانام بۆژوانەکۆنەکەی
قاوە خانەبرد
بزە گرتی
وتی دوای ئەوژوانە
ئیتر من لێرە نەم دیوە
ئەم ئیوارە بێ تۆی چی پێ کردم
جاریکی تر وێڵم مەکە
من بەبێ تۆ
دەبمە  باخچەیەکی بێ ئاو و
شەقامیکی بەبێ ریبوار
نامەیەکی بێ. ناونیشان
وڵاتیکی بەبێ ئاڵا
ئاسمانیکی بێ ئەستیرە



# بیزاریم

دەریاییەکە سەر شێت.

گەر چی ئالودەی خەمم

وەك ماسیش عاشقی حەزم

بەشەپۆلی سەروژوور

بمبەخشە نەمتوانی

ئەم رۆژانە گوڵی بکەمە دیاری

ماچێ لەسەر گۆنات جێبهیلم

بمبەخشە  پێدەچێ

نەگەم ماچیکت بکەم

یان گولیکت پیشکەش کەم

بەلام دەتوانی میژووی ئەم حەزەم

لات گرێی هەموو نووسینەکانت

نیشان بدا



# من

تەنها حەزم

بەتەماشای چاوتە

بۆیە چەندین جار رۆژانە

لەپەنجەرەی خەیاڵەوە

چاوی نیگام دەرێژم و

وەرزی بێ تۆیی

لەچاوەروانی هاتنتا

گوڵریز دەکەم



# بەخەم

# دەچێت چاوەکانت

تاوی بۆنیگاو سەرنجم

دەبیتە نەرمە شەپۆل و

چارۆکەی رۆحم پاڵ دەنێ

تاوی لەسۆنگەی خەیاڵتا

جێگیرم دەکەی

بەچیم دەکەی

لەپریاسکەی یادەکانتا

جێگیرم دەکەی



# ئەمڕۆ...
# کەنەهاتی

چاوەڕوانی بۆ تۆ

لەوڵاتێکی وێرانی دوای شەڕ دەچوو

بێ ئارامی بۆ هاتنت

وەک دەریایەکی بێهیوا

بیەوێت ئاسمان ماچ بکا

لێوی دەریا تژی تژی  دەبوو

کەنەهاتی

هەمو شتێ وەک وەستانی دڵ وابوو

ئەمڕۆ گوڵی سوور ڕەشپۆش و

لەچاوانمدا چاوەڕوانی

وەک هەڵوەرینی گوڵ وابوو



# لەو ڕۆژەوەی ڕاشکاوانە

هەورت کردە باران بۆ سەر سینەم شەرممان کرد

لەناو گەڵای دارسێویێکدا

ماچەکانمان بەش کرد

لەنهێنی یەک پرسیارمان کرد

لەو ڕۆژەوەی گوتت:

ئەی نەفەسی من بێخەم بە

ڕۆژێ لەژوانێکدا جەستەمان تێکەڵ دەبێ

با سانایی لەسەر جەستەمان

ماچەکانمان وەک گوڵە مێخەک شەتڵ دەبێ.



# کەتۆ باڵات وەک چنار بێ

حەز دەکەم گەڵایەک بم بەلێوتەوە
کە تۆ ئاواییەکی خنجیلانە بی
حەز دەکەم ببمە تووڵە ڕێیەک و
بڕژێمە ناوتەوە
کەتۆ خەرمانی گوڵ بی
حەز دەکەم ببمە ڕەنگ و
بڕژێمە ناو دڵتەوە
کەمن و تۆ یەک سێبەرمان هەبێ
حەز دەکەم
بۆ ئەبەد بتکەم بە مێخەک و
بتکەمە ملمەوە



# گەمە بە ڕۆحی دەکەم

خوادایە بەدەست ئەم ڕاڕاییەوە

لەم زیندانە ئازادم کە

پیرە ڕاوچیەک دوور لە داو

دوور لەگەمەی ڕۆح

بەدەورمەوە بوەتە چراخانی سەر ڕێم

بۆم دەسوتێ...خودایە فریاد ڕەسێ.



# سڵاو ئەزیزم

ئەم بەیانییە پڕ بارانە
سپێدە بۆی گێڕامەوە
گمەی کۆترەکانی باخچە ئەویان دیبوو
خەیاڵ بۆ جێژوانێکی بیرچوی بردبوو
چەند ماچێ بە چاکڵای ئەو ژوانەوە جێمابوو
پاسارییەکان بەباڵی حەز
بەدەورییەوە سەمایان بۆ ڕۆحی بیرچوون ئەگێڕا
تەوقەیەکی کەزیەی شورت بە جێ مابوو
سەد خەونی خەیاڵی لا بوو
سەد جێگای جێ پەنجەی تۆ و
سەد نهێنی هەڵگرتبوو
باخچەی گشتی شایەتمانە
دەستی یەکمان توند گرتبوو.



# بەر لەدیداری خەمێک

لەسەر جەستەی عیشق

پەپولەکانی باخچەکە

لەسەرچلێکی ناسك

دەیان چیروکی من و تۆیان

بۆگوڵەکان گیرایەوە

بەیاسەمینەکانیان کوت

ئەوان هاورێی ئیمەن

گوڵە باخێکی سپی

هەڵیدایە

کوتی:

یەکەم جار من بەبەرۆکی ماچەکانیاندا بوومە شایەت

ئەی نابینی لە حەشمەتا

چەند کراوەم



# جوتبوون

سەمایەك لەگەڵ با

پەیڤێکە پر بەدەمی دەریا تەر

بەرەنگی باخچە تێپەر بوون

وەك بەفر بێدەنگ

وەك سەمای پاساری شەرەنگێز

وورد وورد ئەبارێتە سەر رۆح

هێشتا لەبەینی  من وتۆدا

بەریژنە بەفر دێ




# باخچە کەم

ئەم باخچەییەی من.
دار هەناریێ بوو
جێژوانی سێبەر پاسەوانی بوو
خۆریش دراوسێ
من باخچە و تۆ شکۆفە
لەنێوان ئاسمان و نەورەسە
خەونێکە خۆر بۆگوڵە بەرۆژەی تەفسیر دەکا
ئەم باخچەیەی من و تۆ
پر داری چاکڵایە
لەچاوەروانی هەموو جێژوانێکا
مێخەکی دەهۆنیەوە و دەیکردە ملم
ئەم باخچەیەی من و تۆ
تۆوی چواروەرزی هەبوو
چوارجۆر تۆوی تیا ڕوابوو
هەرتۆوەی رەنگێ
باخی گرێدا
تژی لەبۆنی مێخەك
ئاسمان تژی لەرەنگ
دەنگەکان باڵەفرێیان دەدا
بێ سنوور تۆوی گوڵەکان ئاوازیان دەتەکاند



ئەم باخچەیەی من و تۆ
بەیانی گوڵی نازناز بوو
شەوانی گوڵە شەوبۆ
نیگای گەیشتنی هەرگوڵێ ئاوێتەبوو
هەندێ جار دەریا پەلەقاژێی بوو
فریوی بەلەمێکی دڵفرێنی بوو
بەبێ سەوڵ شانی لێدەدا
تا بگاتە ئەومەزرایەی
ببم بەبا لەکراسەکەی تۆدا
تۆش تۆو تۆو بچێنە هەریەك لەئینجانەیەکدا



# ئەم بەیانییە

گوڵ رەنگ بووە......
نەسیم چاوی بۆ رشتوە
باخچە رەنگی لێوی کردوە
پاساری یەکەم بەیانی باشی لێکردوە
سلێمانی شەقامەکانی ڕۆشنتر
چاوەکانی پر لەنیگای ئەو کردوە
ئەم بەیانییە
چپە تژی بووە لەئاواز
چاو تژی بووە لەتریفە
هەنگاوەکان
قورس رێ دەکەن
چاوەروانی بێ ئارامە
هاکا هات و تیژ تێپەری
بەیانی باشێکی
لەپر یاسکەی دڵنیایی دەرهیناوە
لەبەر دەمیا دەبمە پاساریيەکی
بێ باڵ و بەنەغمەی سۆز
پیشکەشیکەم.
من دڵنیام
هیندەی هەنگاوی کورتی ئەو
ئەم بەیانییە بەئەو دەگەم.



# ئەم ئێوارەیە

بیرم کردی

شەقام بۆنی توی لێ دەهات

رێبوار باسی تۆیان دەکرد

پاساریەکان پێیان کوتم غەمگین مەبە

ئەو بەپۆستەچیەکی خەریکە هەواڵ دەنێرێ

خۆی کوتبوی سەردانت دەکا

چەندنامەی تازەی نوسیوە

بەسەد ماچ واژۆی دەکا

دڵنیابە سەردانتەکا

بەقاوەییەك لەگەل تۆدا بەژوان دەگا

پاسارییەکان باسیان دەکرد

ئەو باڵندەیەکی شپرزە بوو

بەئێمەی کوت بیرتان نەچێ

ئەگەر دیتتان باسی بۆ بکەن

ئەو ژنێکە بۆ حزووری نیگاکانی

تامەزرۆیە

دلنیابی هێندەی دیداری غریبی

بۆی دەسوتێ



# ئیستا لەکوێی

تۆ لێرەنی
بە جووتێ چاوی  بێ ئۆقرەوە
لێت دەگەڕێم
ئەمڕۆ شەقام نەما بەدواتا
سۆراخ نەکەم
شۆستە نەما هەواڵی تۆی
لێ نەپرسم
پاسارییەك سەرتەلی ئەلكتریكێكی
كردبوە ویستگەی چاوەڕوانی
لەلێدانی ترپەی دڵی پرسیم
گووتی: ئارام بە
ئەو هەگبەیەكە لەنهێنی
چیت بۆ باس كەم
ئەو حەزەكانی دەداتە دەست
ئەوان دوور لەتۆ یەكتری دەدوێنن
جار جار تۆش دەبیتە باس
چیت بۆ باس كەم
ئیستا ئەو یان بۆ حەزێ بەڕێوەیە



# من ودارتوو

من و دار تووی حەوشەکەمان.

لەحەوشەکەمان کارێزێك هەبوو

لەچاوگەکەی دەموچاوم دەشت

ڕێگەم دەدا باڵندەکان تێر ئاو بن

مناڵ بووم

شەیدای ڕیشۆڵەیەکی خاڵخاڵاوی بووم

شەوێ ریشۆڵەکە سوتا

ڕۆحی سپارد بەبا

ئەی ریشۆڵە ئاڵەکەم

ئەو کاتێ حکایەتی شەڕێکی دەکردە فڕین

من تەفسیری تۆم لەسەربالّی ریشۆڵەیەك دەنووسی



تا رۆحی زیندوم

پر بێت لەگەڵای پاییز

بەتریفەی مانگ

ئاوازی گوڵی سەر بەفر بچنێم

مناڵ بووم

دارتوییەکی زۆرگەورە لەحەوشەکەمان هەبوو


ئێوارانی زستان

باڵندەکان چیرۆکی خۆیان نمایش دەکرد

یەکێ باسی لەحیکمەت دەکرد

بۆ هێنانی سروشتی جوان

یەکێ باسی لەدادپەروەری دەکرد
بۆ یەکسان بوونی گشت گیان لەبەران
یەکێ باسی خۆشەویستی دەکرد
تا لەدڵا هێلانەی ئەوین گەورە بێ
لەباڵندەکانەوە فێری مانای فڕین بووم
کەگوڵەماچێك لەدایك بوو،
لەبەهاردا دارتووی حەوشەکەمان چرۆی دەکرد
هەر گەڵایەکی ئاوازێکی دەستی شەپۆل بوو
لەتوێکلی شەوە خەیاڵیەکان بەدەم خەووەوە
تووی جۆراوجۆری دەگرت
بەتامی هەنگیوین
من وەك پەپولە تەوافی شیعرم بۆی دەچۆڕێ،
مناڵبووم
لەگەڵ هاوڕێکانم خەت خەتێنم دەکرد
خەتخەتێن لەدەشتایی عەشقی مناڵ
لە هەر خانەیەکی فێربووم
کەدەریا چۆن باوەش بۆ کەنار دەکاتەوە
کەتۆ گوڵ بووی منیش گەڵا
کەوتینە وەرینی گەڵاو گوڵ
بۆ نۆژەن کردنی بەختمان
تۆ گوتت:
یان هەورە گرمە یان هەورە بروسکە
یان پریشکێك دەبین لەئاگرەکە
یان لەو قوماشەی چنراوین خەونەکانمانی لێ چنراوە



چەند خۆشە بتبینم

وەك منداڵێك یاری بكەی

بە تەرزی ئاوریشم تریفەی سیمام بشۆی،

مناڵبووم

پەنجەرەی ژوورەكەم تەماوی بوو

ئینجانەی سەر پەنجەرەكەم پۆلێ پەیقی نیگای مانگ بوو

تۆش بەكاغەز كۆلارەت درووست كردبوو

كۆلارەت هەڵدا لەگەڵ ئاسمان

تێكەڵ بەپرچی ئایشەو فاتمە بوو

لەنێو هەور و باراندا ئاوێزەت بۆ كەنار هێنا

وەرە بابفرین بەرە و ئاسمانی ساماڵ

لەوێ ڕووخساری من دەبینی

لەودیو ئەو دەسەسرە سوورەی

كە بە ئاوریشم چنراوە

كە تژیم لەنوور

لەتەرزی ئاوێنە

كەشەقام بەسێبەر و هەنگاوەكانی نامۆن.



# بوورکانێ لەگوڵ..

دڵێک دەیەوێ بەزمانی ژیان بدوێ

ئەو کاتانەی ڕۆح لەدامێنی جەستەیەکدا

کانییەکە و گۆرانی بۆ ئاو دەڵێ

دڵێک دەیەوێ تەفسیری ژیان بکا

ئەو کاتانەی چاو دەبێتە بوورکانێ لەباران

من پەنجەکانم هاوڕێی کانی بوون

لەسەر ژێی کەمانچەییەک

ئاوازێ لەڕەنگی ژیان دەژەنن

تۆ سەیرکە سەیر

کە لەسەر کورسی غەریبی دادەنیشێ

چۆن دەبمە شەپۆلی دەریاکان

کە تۆ لەغوربەتەوە بۆ من دەگەڕێی

چۆن دەبمە گیاییەکی سەر ڕێگات

کەبۆ من گەڕای



لەژیان پرسیار کە

ئەو کاتانەی پرچم دەبێتە گەڵای مێوی سەر کەپرەکەت

تۆ بڕوانە

بۆ ئاوازی گریانێکت

چۆن پەنجەکانم دەبنە باران

من لەسەر کێوی ئەم دڵەی خۆمەوە

چۆن دەبمە بوورکانێ لەگۆڵ

ژیانت پڕ دەکەم لەڕەنگ

کە بۆ تۆ گەڕام

لەبنمیچی ژیاندا دەتدۆزمەوە

ئەو کاتانە دەبیتە سووتوی جگەرەیەک

کەبۆت گەڕام...دەتدۆزمەوە

ئەو کاتانەی لەچاوما

دەبیتە ماسییەکی تەنها

دەتدۆزمەوە..ئەو کاتانەی

لەئینجانەیماڵەکەمدا دەبیتە ڕێحانە

ئەو کاتانەی مێخەکت لەملی دایکما

ئەو کاتانەی هێشوی و

بەدڵی منا شۆڕبویتەوە

تۆ سەیر کە



چ ئاسمانێکم بۆ فڕین

چ ڕوانینێکم بۆ چاو

چ بوورکانێکم لەگوڵ

سەیر کە

ژیان لەناو لەپیی هەردووکماندا

چۆن بە ئاوازی ماچ سەما دەکات

ژیان وەک دوولەتی سێوێ

چۆن دەبێتە دڵێک بۆ هەردووکمان

لە سەر ڕێگای عەشق

بەئاوازی ماچ

ژیان گوڵ دەڕوێنێ

تۆ سەیر کە

عەشق چۆن پیرییم دەنێژێ و

دەمباتەوە لای منداڵی

بمبینە

باڵام باڵای چنارێکە و

بۆ پێشوازیت لەسەر ڕێگەت ڕاوەستاوە

شیعرم پەیکەرێکە لەماچ

لەسەر لێو ڕواوە

دڵم بوورکانێکە لەگوڵ و

ڕۆحم بۆ تۆ بەسەوزایی داپۆشراوە.



# سنە وەک مانگ و کەمەندی
# ئاسمانێک لەئەستێرە

ئەو کاتەی مانگ

ڕووناکی ئەرشیف دەکات

ئەو کاتەی ئاو

دەفتەری بیرەوەرییەکانی

پڕ دەکات لەشەپۆل

ئەو کاتەی ئەستێرە

بەرگی پرشنگداری لەبەر دەکات

ئەو کاتەی ئاسمان

پاییەکانی خۆی لەسنە دادەنێت

هەر ئەو کات

جریوە و مانگ

ڕووناکی و ڕەنگ و وشە

شەپۆل و سەوزایی

دەبنە پیاوێکی ئەستێرەیی

لەئاسماندا

دەبێتە ڕەنگ و دەنگ و ڕووناکی و وشە

ئەوکاتەی شمشاڵێک لەسەر بیستن سەما دەکات

کەمەندی دەبێتە فیزیای دەنگ



ئەو کاتەی سنە دەبێتە تابلۆیەک

کەمەندی پڕ دەبێت لەڕەنگ

ئەوکاتەی کۆڵانەکانی سنە دەبێتە وەرەقەیەک

کەمەندی لێوانلێو دەبێ لە شیعر.

***

کە پایز دێ

ئەو دەبێتە نیگار کێش

گەڵاکان دەباتەوە بۆ لای درەخت

ئەوکاتەی هاوین گوڵە گەنمەکانی شین دەکات

ئەو شیعر دەکاتە نان

ئەو کاتەی زستان بەفر دەکاتە ئاواز

ئەو لەسەر لوتکەی( لەیلاخ)* هۆرە دەکات

ئەو کاتەی بەهار فەرشی گوڵ ڕادەخا

ئەو بەخۆی و دەفێک و تارێکەوە

لەسەر خانەقای گەورەوە

دەف بۆ سۆفیەکان و

تار بۆ شەقامەکان دەژەنێ


***

ئەو لەوێوە

کەدەبوە گۆرانی

من لێرەوە دەبومە گوێ

ئەو لەوێوە کەدەبوە تار



من لێرەوە پڕ دەبووم لە زکری خودایی

ئەو لەوێوە کە فڵچەی دەگرت بەدەستیەوە

من لێرەوە دەبوومە ڕەنگ

کەکەمەندی دەبوە شاعیر

من دەبوومە قەسیدەیەکی دڵ شکاو

***

ئەو رۆژانەی (جەورداوا)* ژان دەیگرت

سنەی دایک مژدەی پیاوێکی نوورانی پێ بوو

کە ئەو دەبوە شانۆ

من لەسەر دڵی ئەو

مۆنۆ درامام نمیاش دەکرد

کە ئەوە دەبوە ڕۆمان

من کارئەکتەری کیژە دڵ شکاوەکە بووم

***



ئێستا سەبری لەخانەقای کەمەندییدا

خەتمی سی جزئە دەکات

ئێستا پیاوی حەوت هونەر

دەبێتە حەوت ئەستێرە و ڕەنگ پەرش دەکەن

ئێستا فەتانە دەڵێت :

من چاوم بۆچەس ئەسرین بڕژێنێ

با چاو تـۆ خـۆش وێ دنــیا ببینێ

ئێستا گۆڕستانی (بەهەشتی موحەمەدی )*

گۆرانی دەڵێ :

تاکەی بناڵم ئازیزم جەهیجران و دەرد

تاکەی بکێشم ئازیزم هەناسانی سەرد

ئێستا سنە گۆرانی بۆ سلێمانی دەڵێ و دەڵێ :

نە خــوا بـــەرداره ئازیزم نە بەنـــدە ڕازی

نە فتوای شەرعە ئازیزم نە حـــوکمی قازی

کە دەڕۆی :

ڕەنگ دوا ماڵئاویی دەکات

مۆزیک دەگری

شیعر لەپرسەکەتدا دانیشتوە

رۆمان سنگ دەکوتێ

شانۆ هەنسک دەدا

گۆرانی دەکوڕوزێتەوە

هەمویان لە فلمێکی سینەمایدا

لەبەردەم سەبری و

سڵاوی دوا ماڵئاوایی فەتانە و شەهێندا

دەوترێ :

یان مەسلوبم کەن مەسیح ئاسایی

مەحاڵە ئـازیز مەیــلی جــودایی



• لەیلاخ : ناوی ناوچەیەک و شاخێکە لەنزیک سنە.
• جەورراوا : ئەو گەرەکەیە کە کەمەندی تێدا لە دایک بوو.
• گۆڕستانی موحەمدی : ئەو گۆڕسانەیە کە کەمەندی تێدا بەخاک سپێردرا.

# ڕێگایەک لەمندا گۆرانی دەڵێ

لەدوورەوە بانگم دەکا

هاتم....دەرگاکانت بکەرەوە

هاتم..خۆم و گیتارێکی لێوبەخەندە

من و باوەشێ شیعر

لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارە

پێی دەڵێ....

پێ نازاني ڕێگایەکم نییە بۆ ڕۆیشتن

ڕێگایەکی ماندوو دێتە ناومەوە

لەپەنای سێبەری ڕۆحما ماندویەتی دەردەکا

ڕێگایەك ڕەنگی تاوسی هەیە و

تژیە لەحیکایەتی ڕێبوارەکان

لەدیداری مووفەرکی ئاشقانە

دەڵێ: دەستت بێنە

پەڕۆی سەوز دەکاتە دەستم

بەسەرمدا دووعای سەفەر دەخوێنێ

فێری گۆرانی و گیتارم دەکا

فێرم دەکا

چلۆن بچمە لای فریشتەکان

ئەم ڕێگایە دەست دەکا




بەژەنینی گیتارەکەی و سەمفۆنیای چارەنووس
دەڵێ: با سەفەر بکەین
بەدەم گۆرانیەوە بفڕین
کەنارەکان جێدێڵێ و دەڕوات
دەگاتە گوندێك
شەبەنگ تەلیسمی خۆی نەتکاندۆتە لێوی گوڵ
بەچپە دەچێتە دیدەنی کانی
ئەم باسی پیچاوپێچی خۆی دەکا و
ئەو باسی ڕوونی ئاوەکەی
ئەم باسی تاك و تەنهای خۆی
ئەو پشاندانی وێنەی ئەو کچانەی
بوونە پەریپۆش
ئەو باسی یەکگرنی خۆی و توولەڕێکەی هاوڕێی
دوای تەواوبوون بەپیجاو پێچی
دەچێتە سەر گردی بەردم ئاوایی
ماڵئاوایی لەگوند و کانی دەکا
لەو پێدەشتە وەکو مارێك کەسەرەتای خۆی نابینێ
بەتووڵەڕێی هاوڕێی دەڵێ:
ئێستا دەگەینە دووڕیانێك
تۆ ڕێی یەکەم هەڵبژێرە و منیش دووهەم
لەوێ لای دڵی یار
لەپەنای سێبەری ڕۆحی یەکدەگرینەوە
هەر یەکەیان بەرەو شوێنێکی نادیار
تووڵەڕێی یەکەم:
ڕێگەیەك هیچ ناونیشانێکی لەسەر نییە
هیچ ئەدرەسێك نازانێ



هێنده نەبێ بەدوای نهێنی پێغەمبەرکانا وێڵە
خۆی بەخۆی دەڵێ; ئەو ڕێگایەم پێ نیشاندە
کەدەمبەنەوە سەر یەکەم ماچ
یەکەم جێژوانی پێغەمبەران
دوورادوور  دەگاتە دۆڵێك
کەشتیەکەی نووحی لێیە
پڕە لەئێسك و پڕووسکی ئەنفالەکان
ئەو کاتەی ویستوویەتی ڕزگاریان کات،
لەلافاوی شالاوی عرعر
نووح خۆشی لەوێیە
دەفتەرەکەی دەنووسێ
رۆژی ڕەش و مانگی تاڵ و ساڵی شووم و سەدەی بێ ئابڕوو
دەڕوا و دەگاتە باخێك
ناوی هەڵەبجەیە و پێنج هەزار دارسێوی لێیە
بۆنی پرە لەگریانی منداڵ
دارەکان
لێیان نوسراوە
بارمان کرد بۆ هەڵەبجە
دەڕوا تا دەگاتە سەر لوتکەی قەندیل
دەبینێ مەسیح بەئاسماندا هەڵواسراوە
پڕە لەگریانی کچانی شەنگال
دێت بۆ لای دڵێ من
دەچیتەوە پەنای ڕۆحم چاوەڕێ ئەکا
تووڵەڕێی دووهەم
هەر کەلەمن قوتاربوو

لەودیو گوندەکەی خۆمانەوە
سڵاو لەدارستانێك دەکا
دەڵێ: ڕووخسەت هەیە بێمە ناوتەوە؟
دارستان فەرموی لێ دەکا و دەڵێ:
بریتیم لەچەند باخچەیەك
هەرباخێکم خەیاڵاوی سروشتی یاخیەکە
هەر ناوێکم ناونیشانی قەسیدەیەکی پر ڕەنگە
دەڕوا تا دەگاتە لای فیرعەون
مستیلەکەی کیلۆپاترا دەدۆزێتەوە
بەباوەش هەموو هەورەکان کۆدەکاتەوە تا نیل وشک بکا
دارعەساکەی موسا وەردەگرێ
دەڕوا و پێچاو پێچ دەڕوا....ماندو شەکەت
دەگاتە لای پووشکین و باختین
لەگیرفانیدا شیعرەکانی مەحوی و نالی دەکاتە دیاری بۆیان
دەگەڕێتەوە بۆ تووڵەڕێی هاوڕێکەی
دێتە ناو دڵم و لەپەنای ڕۆحما دادەنیشن
دوو تووڵەڕێ دەبنەوە بەیەك ڕێگا
ئەم تۆفانی سەفەرێکم بۆ باس دەکا
ئەو سەیرو سەمەرەکانی سەر ڕێگا
دێینەوە ناو نیشتمان
هەر دووکمان گیتار دەژەنین
گۆرانی بۆژیان دەچڕین
شام شەکرە
وولات شیرین ترە



# ژنێتیم
# لەقەدەری سپێتی

بەرگی بووکێنیمەوە بۆجەهەنمی سپێتی کفن

قەدە ر......

منت لەچوارباخی خەڵوزەوە هێنایە بوون

هاتیت خامێکی سپیت بەباڵای مەلۆتکەیم دووری

تەمەنی منت خستە ناو لاپەرەیەکی سپییەوە

وەك یەکەم هەناسەی منداڵیم

وەک پەرەی هەڵنەدراوەی دڵم،

تۆبەخامەیەکی رەش

چارەنووست بۆ من نەخشاند

ئەم تەمەنت لێکدایەوە

سێ تێنووست بۆ کچێنیم نووسییەوە.

***

تێنووسی یەکەم ژمارەکان....

لەشەبەنگی بوونمەوە

ژمارەکان

سەمایان بۆ ڤینۆسی بەختم دەکرد

بەرگی تێنووسی تەمەنم

وەکو گوڵەئەرخەوانی گەشایەوە

لەئامێزی دایکمدا



ئەوەی خامەکەی رەشکردم
فرمێسکی سەر گۆنای دایکم بوو
خۆر مات و زەوی زەردو ماندو
وەکو بازوی باوکم
بەیانییەك هەناسە بەش بەش کرا
گوێم بەجریوە ئاشنا بوو
کچبوونم ئازارێك بوو
کەپێش چاومی تار کردوە
من هاتم هێشتا باوکم هیلاکی شۆرش بوو
ئاخ لەدوای داخ هەڵدەکێشا
ئەوە من بووم یەکەم سپێتی خامم بینی.
***
تێنووسی دوهەم... رەنگەکان......
نەگەشتمە چێژ
بەهەناسەی کچێنیما شەرابی عیشق بنووسم
بەرلەوەی بەئاگابم یەکەم وشە
لەکام دێرەوە قەتارەی بەست
هەر ئەوەندە دەزانم ناچمەوە
سەری دێڕ
هەرئەوەندە من و باخچە بچووکەکە
دەست لەملبووین
چونکە پربوو لەبۆنی باوکم
منیش لەگوڵی گێلاس بۆن وبەرامەی گوڵ و
عارەقەی چەندینساڵەی باوکم
هێندە ئاوێتەی یەك ببوون



هەمیشە باوکم دەهات

ئاگردانی سارد و سڕی دایکم

پڕ بوون لەو کولێرانەی کەبەمەراقەوە دەسووتان

هێشتا لەگوڵاوەی باخەکەی باوکم مەست نەبووم

هێشتا گۆرانییەکانی باخچەکەم نەچڕی بوو

دەستی شۆستە و کۆڵانەکانی چوارباخم نەگرتبوو

هێشتا دڵم.....

بۆن و بەرامەی ئەسمەرێکی کۆڵانەکانی لاوی نەکردبوو

ئەوە من بووم رۆحم لای دارا و دۆ رژاوەکەی دادە جێما بوو

ئەوە من بووم دوای مام زۆراب دەکەوتم

مام زۆراب..... مام زۆراب...... مێووژم دەوێ!

بینایی رۆحی من بوو

لەسەر کورسی وانەی یەکەم بوو

ئاوێتەی ڕۆژەکانی تەنیایی بوو

چلۆن گەورە بوونێکە؟

ئاخر...ئەمە چۆن خەونێکە

لەتێنووسی کچێنیما تابلۆ ڕەنگ دەکەن

هێشتا ئەرخەوانیم دەکردەوە

عیشق نەهاتبوە دڵمەوە

هیچ کوڕێ نەیچرپاندبوو بەگوێمدا

دڵم بخاتە لەرزەوە

گوڵە بچووکەکەی باخەکەی باوکم بووم

بەرگی خەزانیان لێپۆشیم

ئاخر پایزی تەمەن بەکام بەهار دەژێتەوە



ڕەشی تەمەنی لاویم
چلۆن بەرگی سپیتی دەشارێتەوە
ناوی کچێنیم لێ برا
وشەی دایك بۆ ژیانم نوسرایەوە
ئەوە عەشکی دایکم بوو هاتە چاوم
منیش باراندمە سەر هەمان خامەی سپی
بۆ مەلۆتکەی کۆرپەی دڵم
لەسپێتیا ڕەشیم چنییەوە
کۆرپەیەك.....دایکی تابلۆی تەمەنی خەزان
وەرزەکانی ڕەنگ کردبێ
باوکی لەچاوەڕانی پاشماوەی شۆرشێکا
ئارەزووەکانی یەخسیر کردبێ
دوای هەرەس
بەهیوای بیستنی مارشی شۆرش بووین
لەتاو رۆژ هەر بەشەو
لەترسی شەقام....لەوتار
شەو پێشمەرگە لە شەقام
نووسینی دڵی دیوار
روانینێك لەشۆرش پر لەسپێتی
نەمویست بەچەخماخەی ڕەقیبان
بەبارانی بەهارانێك... لەبەر بڵێسەی نەورۆزێکدا
خۆم ئاوێتەی فرمێسکی هەور دەکەم
تا سپی سپی دەبمەوە
لەکۆمەڵ و کولتوور



تا مناڵانی ئەم خاکە هەریەکێکیان پارچەیەک
لەدڵ و بۆنی
لەگوڵ و رەنگی لەتابلۆی ژینم دەبەن
نیشتمان نوێ دەکەمەوە!.
***
تێنووسی سێهەم سپی مەرگە..
قەدەر...بەڵێ کفنی مەرگی خۆڵەمێشی
ئەم تەمەنە دەباتەوە
دەبێ بتوانێ بەفر رقی هاوینی
دڵم سارد کاتەوە
گفتم دابوو لێکدانەوە بۆ گوڵ بکەم
سەرپۆشەکەی دایکم نەخش بکەم
ئەی قەدەر بەمناڵی پەیمانم دا
ڕۆژە ڕەشەکانی تەمەنم
لەجلی بووکێنی کۆرپەکەمدا سپی بکەمەوە
نەم بینی کۆتایی گەرەکی مناڵیم
کۆرپەیەک سپی وەک کۆتر
سپی وەک بەفر
سپی وەک خامەی منداڵی و مەرگ
لەئامێزما بینیەوە
چاوی رەش وەک دنیای دایکیان
دڵ سپی وەک بەرگی بووکێنی دایکیان
منی ئاو....



دەبێ خوورەم لەکفنی مەرگ بێ

منی کۆتر باڵەکانم ئاوێتەی شەو بێ

فڕینم لەمەرگێکی یاقوتی

ئەی جەهەنمی سپێتی تەمەنم

لێمگەڕێ بابچمەوە کانی ئاسکان

کۆترەکانی باخی گشتی بلاوێنم

هەناسەیەکی پیرمەسوور

ئێوارانی تویمەلیك

لێگەڕێ با دیدگام پر بێ لەگۆیژە

فرمێسکی پەشیمانیم

بۆ سنەوبەر بڕژێنم

ئەی قەدەر

دەمەوێ

مەستی ژیان بم

سێ تێنووسی رەنگاڵەت بۆ تەمەنم نووسیەوە

هێشتا زوە قەدەر بوەستە

شەمەندەفەری تەمەنم

نەگیشتۆتە دوا ویستگەی خۆی

ژنێتیم پر بێ لەئازادی

قەدەر

بوەستە با بژیم

ئەم سەفەرە راگرە بۆ کاتی خۆی

جارێ ماومە



# ئێستا
# پیاوێک نیشتمانه

وا هات عاشقان وا خۆی هات
سنەوبەرێک لەقەد ئەو لاپاڵەوە دێتە خوارێ
ڕەنگی ڕێک ڕەنگی ئەو پیاوەی
لەناو دەشتایی شیعردایە و
ژیانی بەجگەرەی لا دەمیەوە هەڵواسیوە
لەکانی قەت پاڵی شاخەکە لا دەداو
تۆزێ لق وسەوزایی و دەم و چاوی تەڕ دەکات
وا هات...عاشقان وا هات
دێتە ناو دارستانەکە و
یەک یەک سڵاو لەدرەختەکان دەکات
سنەوبەرێک لەپیاو
ڕەنگی لەقەمیسە سەوزەکەی بەرم دەچێ
باڵای ڕێک وەک باڵای خۆم
ئەم پیاوە سنەوبەریە
هەمیشە سەوزی شیعرە و
بەهار لەدامێنی دەچۆڕێ
نزیک دەبێتەوە و لێم و ڕەنگی دەگۆڕێ
وردە وردە ئەم پیاوە سنەوبەریە
دەبێتە دار تویەک و پێم دەڵێ :




ئێستا تۆ نیشتمانی منی
من پیاوێکم لەدار توو
لەحەوشەی ماڵی منداڵیتەوە هاتوم
تژیم لەسڵاوی ڕیشۆڵەکان
منی پیاوی دارتوو... لەسەر هەر لقێکم
نیگای ئەو چۆلەکانەم بۆ هێناوی
کەمنداڵیتیان تژی دەکرد لەجریوە
پشتم تێ دەکات دەڕوا
بەدەم ڕۆشتنەوە دەڵێ :
من هیچم نەماوە بۆ کوتن و لەپڕ ون دەبێ
دێتەوە..لەسوچێکی ترەوە دێتەوە
هات عاشقان.... وا هات
عاشقان چەند سەیرە
لەو بەرەوە لەدامێنی ڕووبارەکەوە
دار بییەک هاوار دەکات
من لێرەم... من شێرکۆم
ئێستا تۆ پیاوێک نیشتمانتە و
منیش کچێک نیشتمانمە
بانگم دەکات و دەڕۆمە ڕۆخی ڕووبارەکە
ئەو لەو بەرەوە و منیش لەمبەر
قاچم دەخەمە ناو ئاوەکەوە
بیستنمی بۆ دەکەم بەفەرشێک
پێم دەڵێ: نیشتمانی من و تۆ
لەکەشکۆڵی ئەم ڕووبارەدایە



وەرە با گوێ لەم ڕووبارە بگرین
هەر دڵۆپێکی تژیە لەگریانی دایکێک
هەر شەپۆلێکی پرە لەئازارێک و گنگڵ دەدات
ئەی نابینی چۆن بەدەستی لقە شۆڕەکانم
فرمێسکی بۆ دەسڕم و تووڕەبوونی هێواش دەکەمەوە
ئیتر دەڕوا... ئەم شۆڕە بییە دەڕوا
کەنار جێدێڵێ
بەدەم ڕۆشتنەوە
ڕەنگی دەگۆڕێ و دەبێتە دارهەنارێ
بەسەر بەردە بازەکەدا
هەنگاو هەنگاو دێتە ئەم بەر
تا دەگاتە لای من گوڵ دەردەکات
دەکەوێتە گۆرانی کوتن
بەدەم گۆرانی ڕەزیەی زیرەکەوە
ئەو ناوە پڕدەکات لەگۆرانی گوڵی هەنار
پێم دەڵێ: کەمنی پیاو لەجنسی دارهەنار هاتم
هەر گوڵێکم پەیامی هەنارێکی پێیە
فریشتەکان کەدێن
لەسەر باڵی پەپولە سوجدەی سوور وەک گوڵی من
بۆ ڕۆحی ئاسمان دەبەن
عاشقان... وا دێت... سەیرکەن
ئەم پیاوە کە دەبێتە نیشتمانی من
هەر جارە و دەبێتە درەختێک
هەر جارە و دەبێتە کانییەک



هەرجارە و دەبێتە باڵندەییەک و
هەر نابێتەوە بەشێرکۆ
شیرکۆیە و لەبەرگی درەخت و
لەباڵی باڵدار و لەئاوی کانیدا
شیعر دەخوێنێتەوە
ئەو کە دێ... پێم دەڵێ:
وەرە خۆت لەمنا ببینە
سووری لێوت من لەگوڵی هەنار... بەتۆم بەخشیوە
قەمیسەکەت لەسەوزای سنەوبەریم... بۆ دوورویت
دەنگت لەسەر چڵی دارتوییم..... پێ داوی
ئا من ئێستە وەک پیاوێکی شێت
نیشتمانی تۆم
ئەو دەمەی تۆ دەبیتە نیشتمانێک لەڕەنگ بۆ من
ئەو دەمەی تۆ دەبیتە پارکی ئازادی
لەناو هەناوتا خۆم و شیعر بۆ ئەبەد دەنووم و
بارانی شیعر بۆ تۆ جێدەهێڵم
بەفری قەسیدەم لەگەڵ ڕۆحی تۆدا دەبارێنم
عاشقان وا دەڕوات... کە دەڕاوت
خۆی گرێ دراوە بەدڵمەوە... وەک فەقیانەکەی دایکم
دڵم دەکاتە کەعبە و بەقەیسدەیەکی سپی
وەک سەرپۆشەکەی دایکم دادەپۆشێ
چاوانم دەکاتە دەبەرند و ڕۆحی دەبێتە پەپولە
کەدەڕوا.... عاشقان... ئاوا دەڕوا
بەئەسپایی دەچپێنێ بەگوێمدا و دەڵێ:



نیشتمانم وەک ئاوێنە پارچە پارچە بووە

لەچاوی کچێکا کۆمکردوە

منیش کە چاوم دەشکا ئەو گوێی لێ بوو

پارچەکانی دەکەوتنە ناو دڵمەوە

لەشین پۆشی کەمانچەژەنەوە... دەم بینی

ئێستە من پیاوێک نیشتمانە

لەپارکی ئازادیدا دانیشتووە و

ئازادی دەکاتە ملی وشە

ئێستە من پیاوێک نیشتمانە

بۆنی نێرگز لەشیعری و

چاوانی لەگوڵ و تەمەنی لەباخچە و

هەڵوێستی لەمارشی نیشتمانیدا دەبینم

عاشقان ئاوا دێ و ئاوا دەڕوا

ئەو کچێک بووە نیشتمانی و

منیش پیاوێک

کەهەر جارە وەک درەختێ دەردەکەوێ و

وەک باڵندەیەک لەئاسماندا ون دەبێ

هەر جارە وەک ڕوبارێک دەردەکەوێ و

وەک باران دێتەوە و بەسەرما دادەکات

وەک کانی گۆرانی دەڵێ و

وەک شیرکۆ دەچیتە ناو مێژووەوە

بەڵێ عاشقان..... ئاوایە


ئەو ئێستە کچێک نیشتمانییەتی و

منیش پیاوێک نیشتمانمە



# وەرە بمکە
# بە باخچە

من زەوییەکی ڕووتەڵەم
دەمەوێت بمکەیتە باخچە
کام تۆوی گوڵ جوانە
بیهێنە و لەناو دەشتایی ڕۆحما بیچێنە
کام درەخت لەنجەی جوانە
بیهێنە و بینێژە
ئاخر تۆ کەباخەوان بی
دەزانێ ئەم باخچەیە پێوستی بەئاوازی کام ئاو هەیە
دەزانی پەرژینی کام شەماڵ بکەیتە دەورم
کەمن باخچەی تۆ بم
دەزانی پرچی ئەم باخچەیەم
بەشیعری شێرکۆ و
بەسەمفۆنای بتهۆڤین دابهێنی
*
وەرە و بمکەرە باخچە
هەر جارە و گوڵێ
هەر جارە و درەختێ
هەر جارە و ڕەنگێ
ئا..



تۆ باخەوانی ئەم باخچەیەی ڕۆحی من دەبی

باخچە هەر جارەو ڕەنگێك دەگرێ و

منیش هەر جارەو دەبمە فریشتەیەك

تاو تاوێك باخچە دەبێتە مەنزڵگا

تۆ دەبیتە سۆفی و مووناجاتی عەشقم بۆ دەڵێی
منیش دەبمە کوکوختی و
لەسەر چڵی زوڵفی خۆم
بۆت دەچریکێنم
تاو تاوێك باخچە دەبێتە مزگەوت
منیش دەبمە پاساری
لەگەڵ دەنگی کەڵەشێرەکەی ئاوایدا
لەگەڵ هاتنەدەرەوەی مێگەلدا
تۆ لەمیمبەری دڵی منەوە بانگی عیشق دەدەی

منی چۆلەکەش لەسەر باڵای تۆ هێلانە دەکەم

ئەها ئەم باخەچەیەی تۆ لەمنا درووستت کردوە

چەند ڕەنگ دەگۆڕێ.

*



ئەم مێوانەی ناو ناخی من

پەلی تەرزی دێنە ناو تۆوە

لەچاوتەوە دێنە دەرێ

لەسەر سنگت

هێشوی ماچی من دەگرێ

دواجار وەرە و پڕمکە لەخۆت

من پێش تۆ خاڵی بووم خاڵی

دەشتێك بووم تۆ هاتیتە ناو ڕۆحمەوەو کردمت بەباخچە

پێش تۆ زۆر کەسی تر درەختیان هێنا،

بەڵام وشکبوون
زۆر کەس ویستیان ڕۆحم ڕابهێنن،
بەڵام ئەم ئەسپەی ڕۆحم
بەبۆن خاوەنەکی دەناسێتەوە
کەتۆ هاتی خاکی دڵ
فەرشی لەسەوزایی بۆ ڕاخستی
کەتۆ هاتی چاوم هاتە پێشوازیت و
لێوی سوورمی بۆ ڕاخستی
کەتۆ گوڵی مێخەکت
لەسەر سێوێکی ئادەم
بۆ هێنام
منیش بوومە حەوایەکی کافر و
لەناو تۆدا ئیمانم هێنا
کەتۆ دەبویتە بیر
من حەزم بەکوفری براکانم دەکرد
تا وەك یوسف بمخەنە ناو تۆوە و
هیچ کاروانێکیش نەمدۆزێتەوە
کەتۆ دەبویتە پادشایەکی زاڵم
من چیرۆکی هەزار و یەك شەوەم
هەزاران جار دووبارە دەکردەوە
کەتۆ دەبویتە نالی
منیش دەبوومە حەبیبەیەکی پڕ ناز
کەتۆ دەبویتە شار
منیش تژی دەبووم لەکۆڵان و شەقام



کە من دەبوومە چۆلەکە

تۆ دەبویتە جوانترین گوڵەگەنم

کەمن دەبوومە سەوزایی

تۆ دەبویتە جوانترین سنەوبەر

سەیرکە چی ڕووبارێکت

لەعیشق

هێناوەتە ناو ئەم باخچەیەی ڕۆحمەوە

من دەبمە ماسی تێدا و

تۆش دەبیتە سهراب

کەمن دەبوومە پەپوولە

تۆش دەبویتە جوانترین گڕ

کەمن لێوم سوور دەکرد

تۆ دەبویتە ڕەنگی گوڵی هەنار

کەمن جلەکانم لەبەردەکرد

تۆ جلی بەهارت دەکردە بەری پاییز

کەمن چاوانم دەڕشت

تۆ دەستت بەپرچی شەودا دەهێنا

کەبە منت وت تۆ شازنی مەملەکەتی دڵمی

من دەتوامەوە و دەبووم بەتەم

لەسەر لێوەوشك هەڵهاتوەکانت

کە تۆ دەتوت گیانەکەم


من دەبوومە دووکەڵی جگەرەکەت

من تاویٚ پاساری و تاویٚ پەپوولە و

تاوی نەوڕەس و تاوی ئاسکێکی کێوی



تۆش تاویٚ هیلانە و تاویٚ مۆم و
تاویٚ دەریا و تاویٚ گۆرانی کێوەکان
کەمن دەبوومە کانی
تۆش دەبویتە گوندێکی تینوو
کەمن دەبوومە حیکایەتی بەرئاگرادن
تۆش دەبویتە وەلی و فەرهاد و ڕۆمیو
کەتۆ دەتوت ( بەیە ) گیان
من دەبومە تەمی سەر پەنجەرەکەت.
*
ئەها ببینە من و تۆچۆنین
هەردووکمان دەچینەوە سەر ئەفسانەی ئیرۆس
تیکەڵ دەبین تا ئەو ڕادەیەی
دەبینە یەک ڕۆح و یەک هەناسە
وەرەو تژیمکە لەخۆت
تۆ چوار تۆ و درەختت لەمنا ڕواند
دەبنیت پاش چەند ساڵێکی تر
چی دارستانێکم تیا ڕواوە
وەرە تژیمکە لەدار...... لەگوڵ
با بتبینم چی باخەوانێکت
چ دارستانێکت لەمنا خۆڵقاندوە.



# منێک لەشووشە

شووشەیەک خاڵی لەماناکانی شکان
لەئازارەکانی درز بردن
منێک لەشووشە دەمێکە ئاشنایەتم
لەگەڵ بەردی دارلاسیکی
ناڵە چەتووەکانی گەرەکدا هەیە
منێک مەحکووم بەخۆڕاگری ئاسن
منێک ڕوون وەك چاوی تۆ
منێک لەشووشە
دەچمەوە سەر ڕەچەڵەکی ئاو
شووشەیەک ڕوون
دەچمەوە سەر بەرائەتی مناڵەکان
شووشەیەک پاک
وەک میهرەبانی خوا

***

منێک لەشووشە
ڕێگەم داوە
ئەو بینینانە بەناو مندا گوزەر بکات
کە تژین لەحەسرەتی باران
تژین لەڕوانین بۆ باخچەکان

منێک لەشووشە.



کەدەبمە پەنجەرەی ماڵی عاشقان

لەو دیو منەوە

هەست بەتەمی سەر دڵم دەکەن

کە تەم دامدەگریّ و دڵۆپیّ ئاو دیّتە خواریّ

دەبیّتە جوانیەکی ئەبەدی

کەعاشقان ویّنەی دڵیّکی شکاو

لەسەر تەمی ڕووی من دەکیّشن

ژیان تژی دەبیّ لەجوانی

کەمناڵەکان بەپەنجە ناوی خۆیان

لەسەر تەمی ڕووی من دەنووسن

ئاسمان یەک پارچە دەبیّتە بەرائەت

***

منیّک لەشووشە

کەدەبمە پەنجەرەی کوخی عاشقیّکی شیّت

ئەو پەنجەرەیەی

کەبەسەر چڕە دارستانیّکا دەڕوانیّ

دارستانیّکی شووشەیی

ئاشنا بەدەربەندەکانی کریستاڵیبوون

منیّک لەپەنجەرەی کوخ

ڕۆژانە ئاشنام بەو کۆترانەی

کەدیّنە سەر محاجەرەکەم

ئەو کۆترانەی ناو بەناو دەبنە شیّریّک

لەبەر دەم مندا خۆی ڕادەکیّشیّ



کۆتر لەجنسی من و

شێریش لەجنسی تۆ

شیرێک چاوەکانی لەشووشە و

دڵێ لەکریستاڵ و

نەفەسی لەئاو

ڕۆحی لەتەمێکی پایزی

تۆ وەک شێرێکی کریستاڵی

ناو بەناو سەردەنێ

بەدڵی منی کۆتری شووشەییەوە

تۆ شێرێک دەمێکە

تاجی پاشایەیت فڕێ داوە و

دەتەوێت ببی بەشووشە منی کۆتر ببەیتەوە

بۆ ناو کریستاڵیەکانی خۆت

منێک لەشووشە دەبمە شووشەی چاوانی

ئەویش دەبێتە دڵێک لەکریستاڵ و

هەردووکمان لەشووشەی شەرابێکدا

دەبینە شەرابێکی بەتەمەن.



# گەرانێکی پایز

بەناو نیشتیمانە

وەرە با پێکەوە بڕۆین

پایز لەسەر لاشەی نیشتمان ببینین

وەرە پێکەوە بڕۆین

ماڵێکی زیوین لەسەر گەڵایەک

بۆ خۆمان دروست کەین

با پێکە وە بەباڵی عەشق ئاسمان تەی کەین

نیوە شەوان ئەستێرەکان داگرین و

بیانکەین بەدەنوکی چۆلەکەکانەوە

پێکەوە بچینە ناو ئەشکەوتەکان

بەدەوری ئاگردا سەما بکەین

یەکی گەڵایەک بدەین بە خۆمانا

***

وەرە با پێکەوە بچین بۆ لای زۆپای گوندەکان

لەقەد پاڵێ ئاوێکا

بۆ حیکایەتی ماسییەکان بگەڕێین

وەرە با لەم پایزەدا

درەختەکان بەڕووتی ببینین

ببینین نیشتمان پێمان بڵێ

بەخێربێن ئەی ئاوەدانی و عەشق



با دوکەڵێ لولەی زۆپاکانی سەربانی ئاوایی بژمێرین

با گوێم لیبێ

کە پایز قسەت بۆ دەکات

چۆن قاقا پێدەکەنی

با گوێم لێت بێ

دەنگت تێکەڵ بەخشەی گەڵا و

گڤەی ڕەشەبا ببێ

وەرە با لەم پایزەدا

نیشتمانت بۆ ڕاخەم

دڵمت بۆ بکەمە سەرین

هەناسەم بدە بەخۆتا

ڕۆحم دەکەمە چاکەتێک و

دەیکەمە بەرت

***

وەرە پێکەوە بچین

شیعر لەسەر سنگی ئاو بنووسین

تا ماسییەکان تێبگەن

ژیان لەناو ئەم شیعرانەدا چەند جوانە

وەرە با لەشار بڕۆین

لەقەرەباڵغی بازاڕەکان دوور بکەینەوە

حاشا لەژمارەکان بکەین

ماتماتیکی ژیانی شار ئاوەژوو کەین

وەرە بانەفرەت بکەین لەو سیاسیانەی

کەشیعر لەجامخانەکاندا دەفرۆشن



وەرە بانەفرەت بکەین

لەو جەنجاڵیانەی

کە ژیان لەجەدەلێکی بێ کۆتادا ون دەکات

وەرە و من کەمانچەکەم دێنم و تۆش دەفەکەت

من کەمانچەکەم دەخەمە ژێر ملم و

گەڵاکان دەخەمە سەما

تۆش بە دەنگی دەفەکەت

ڕۆح بکەرەوە بە باخچەدا

***

وەرە با بڕۆین بۆ دوور

قسە لەگەڵ (با) بکەین

بزانین ڕێحانە چی سەرگوزشتەیەکی لایە

بزانین شەمامە چۆن باسی بۆنی خۆیمان بۆ دەکات

با پێکەوە قاچ بخەیەنە ڕووبارەکەوە و

بە گەلا و ئاو بڵێین چاو داخەن

با ئێرەتان بۆ پڕ بکەین لە فەرشی ماچ

با بەشانەی دار

قژمان لەبەر ئاوێنەی ڕوبارەکەدا دابهێنین


وەرە با بچین بۆنی هەرمێ بکەین

دوور بڕۆین دوور

چی دی

ئەم دنیای ژمارانە هیلاکیان کردووم

دەی با بچین



من کەمانچەکەم دەژەنم و تۆش دەف لێدە

بەدەم سروودی عەشقێکی سۆفیانەوە

ژیانمان تژی بکەین لەماچ

وەرە با بڕۆین

گەڕانێکی پایزی بەناو نیشتیمانە



# یەپەژە

خەنجەرێک بەبەرۆکی مێژووەوە.

یەپەژە شمشێری بوونە و

لەسەر بەرزترین لوتکەی مێژوو داکوتراوە

ژنبوونە و لەئاسمانەوە دێتەخوارێ

کەشکۆڵەکانیان پرە لەو غەدرانەی

کەژنیان بردە بەردەم

ترازوە لارەکانی مافیبوون

***

ئێستە لەلولەی شەستتیر و دۆشکەدا

دەزانێ ژن کێیە نەک مەتبەخ

ئێستە مافی گەلان دەزانێن ژن چ بوونێکی هەیە

نەک بزنس و نمایشی کاڵاکان

ئەم قوتابخانەیە

قوتابخانەی بیری ئاپۆ و

ژینگەی گۆڕینی ژنە

لەمەتبەخی ماڵەوە بۆ مەتبەخی سیاسی

لە بێ مافیی و شەرمەوە

بۆ ناو گەرمی جەنگەکان



یەپەژە هەڵدانەوەی پەڕە پەڕەی مێژووی ژنە

هێنانەوەی ژنە بۆ بەردم شکۆمەندی

نەخشەی مافی گەلانە و

خستنە سەر مێزی دنیاییە

ژن لێرە.... لەقوتابخانەکەی ئاپـۆدا

دەبێتە تەوار و باڵ دەگرێ

سروودی لووتکە دەڵێتەوە

یەپەژە لەکۆبانیدا دەبێتە حیلە و

ئەسپەکان فێری بەهێزی دەکات

لەعەفریندا دەبێتە شەپۆل و

وانەی لافاو بەدەریا دەڵێتەوە

لە عەفریندا ژن دەبێتە ئاڤێستا

لەهەناوی ئاگرەوە دێتە دەرێ و

وانەی توانەوە بەئاسن دەڵێ

لەم قوتابخانەیەدا جەستەی ژن

لەرووتبونەوەدا دەبێتە پیرۆزی

یەپەژە..... دەنگی ژنانێکە

لەسەر پەیکەری ئازادی ئەمریکاوە

هاوار بۆ بوورجی ئیڤڵ دەکات

یەپەژە مەدالیای سەر سنگی

ژنانی شەقامەکانی ستۆکهۆڵم و

ڕەمزی ملی ژنانی ناو پەرلەمانەکانە



شکۆیەکە و مێژووی ژن درەوشاوە دەکات

لاپەڕەیەکە و مێژووی ژن پڕ دەکات لەئازادی

یەپەژە ئەو دروشمەیە کەبەجیهان دەڵێ:

ئێمە توانیمان

مێژووی نووستووی ژن خەبەر بکەینەوە

توانیمان

ملی پاشماوەی هەمو ئیمپراتۆرەکان

نەوی بکەین.....لەئاست خەباتی ژندا

یەپەژە شانۆیەکە و

لەسەر شەقامەکانی دنیانمایش دەکرێ

یەپەژە بوونی ئەو تەوارانەیە

کەلەسەر لوتکە بەرزەکانی مێژووەوە باڵ بگرێ

مافی ژنە و ڕۆژ بەڕۆژ باڵا دەکا

یەپەژە دەچیتەوە بەردەم بێکەس و



داخی دڵی کۆتایی دێنێ و

مارشی ژنبوون دەڵێنەوە و دەڵێن:

یەپەژە ژنی لەپاشکۆوە کردە ڕابەر

سەرپۆشی پێ فڕی داین و

وادەی شەرممان زیندە بەچاڵ کرد

یەپەژە ژینگەیەک

بۆ خەباتی بێ وێنە لەمێژووی گەلاندا.

# کەسەیری چاوانت دەکەم

دڵم دەبێتە شەمەندەفەر و
لەچاومەوە دێتە چاوت و دێتە ناو تۆ
دەچێتە شاری دڵت و
تژییە لەمسافیری دڵ شکاو
کە لەشاری دڵت دادەبەزن
تژییە لەگوڵەباخ و گوڵی شەوبۆ
کەهەناسەت تێکەڵ بەهەناسەم دەبێ
کەدەست دەخەیتە ناو دەستم
تژی دەبم لەموچرکە و ئاوازی جوان
ڕۆژێک هەر دێ
لەئاگردانی ئەم عەشقەدا
ببین بەسووتوو هەردوکمان
شەوێک هەر دێ
لەباوەشی من و تۆوە هەڵبێ خۆر.



# وەرە پێکەوە

لەسەر گەڵای گوڵێک
عەشقمان یاداشت بکەین و
تۆش پارچەی شکاوی دڵم کۆکەرەوە
وەرە و بمرژێنە ناو کانی لێوت و
لەسەر لاپەڕەی ڕەشی ژیان
وەک خۆت سپیم کەرەوە
دڵ و گیانم
وەرە بە بۆنی مێخەکەکەم
لە گوڵدانی چاوەکانتا بتژیەنمەوە
وەر با وەک دانەی مێخەکەکەم
لەسەر سنگما بۆ ئەبەد بتهۆنمەوە



# تۆ بەچی دەچی

نە لەخەم... نەلەسوێی ئازارێکی تازە
نە لەتوڕەیی با دەچێ
نە بەهێمنی تەپەی باڵی پەپولەیەک
بەچی دەچی
کەعاتیفەمان گرێدا
ئاوێنەکە چاوی داخست
پەردەکەی هێمن ڕاکێشا و
چارەکەشی کز کز سوتان
هەناسەکان تێکەڵ دەبن
وەک باخچە و گوڵ
وەک تێرژانی شەپۆل بۆ سەر کەنار
وەک چزی ئاگری داخ لەبەر سوتان



# ئەمشەو



لەباوەشی کام هیواوە دەفڕی

لەئامێزی کام کەنار دەنیشیتەوە

لەئاوی کام کانیاو جلی خەو لەبەر دەکەی

سەر دەکەیتە سەر کام بەردەباز و

بەیانی خۆر لەسەر سنگی تۆوە هەڵدێ و

چاوانم پێت دەڵێ

# بەیانیت باش

ئەی نمایندەی باڵندە پۆستەچییەکانی شەو
بۆ بڕوا بەچاوم ناکەی
ئەوە قومێ نیگای من و
ئەوە مشتێ چاوەڕوانیم
بادە لەکوێ و تەڕی لێوی تۆ لەکوێ
ماڵی دڵت بوەتە جیگای کامەرانیم
من ماچێکم نەکردوە هێندە مەست بم
جامی عەشقم بۆ دیدارت لێی دەڕژێ
هەتا کەی من چاوەڕوانت بم
لەمە زیاتر تیونویەتی لەگەڕووم نەشکێ



# سروشت

کەپێکەوە درەختەکان بانگیان کردین

من ڕێگا پێچاوپێچەکانم کردە پشتێن و

لەسەر کەمەرم بەفەرشی سەوزایی خوا

لەسەر دڵی خاک ڕاخران

بەبەرچاوی گوڵەگەنمەکانەوە

لەگەڵ چەم و کانییەکی چاو گەشدا

دار چنارێکمان ڕواند

قەوزەکان شەرمیان دەکرد

خۆیان کردە سەرین و

دەستیان کردە سەوڵ و

چاوەکانیان دادەخران

ئۆکسترای بۆقەکان

دەبوونە سەمفۆنیای ژماردنی ماچەکان

گوڵەنێرگزێک قیت لەگەڵ دارچنار چاوبرکێیان بوو

کەشنەی گەنم کەرویشکەی دەکرد

ڕۆحمیان دەبزواند

کەدەبوونە پەیام بۆ قژی ئاڵۆسکاوم

دەنگم لەمەزاری ژیانا

گومەزیکی کردە تاج و کردیە سەری گەنمەکان



# بیرت دەکەم

لەناو چاومای و حەز بەبینینت دەکەم

لێوم لەسەر لێوتە و هەر تامەزرۆی ماچم

لەناو دڵمایت و هەر غەریبیت دەکەم

ئەو کاتانەی لەسەر باڵی فریشتەیەک

سووجدە بۆ ڕۆحی ئاسمان دەبەم

ئەو کاتانەی دەتوێمەوە دەچمە ناو ڕۆحی تۆوە

تۆ دەبیتە کەشتیەک و لەناو چاومەوە لەنگەر دەگری

دڵم دەبێتە کەنار بۆ تۆ



لەناو ڕۆحما گۆرانی عەشق دەپچڕێ

وەرە و لەچاوانمەوە گریانی دارستانێک ببینە

ئەو کاتانەی لەناو مندا دەبیت بەپڵنگ

ئەی نابینی مووتربەی لێوم لەسەر لێوت کردوە و

چاوانم گوڵی هەنار دەگرێ

کەعەشق وەک باران دادەکات

پەنجەرەکەشمان تەم دەیگرێ

کەیەکتر تژی دەکەین لەماچ

خانوەکەی ئەودیومان شەرم دایدەگرێ

لەباران دەچی

کەلەئاسمان دێیتە خوارێ

دڵی وشکی من و سەرپۆشەکەی دایکم تەڕ دەکەی

لەباران دەچی... کەدەبارێی

تەڕ تەڕم دەکەی...تا پاکبمەوە لەگوناهەکانم

بارانی... نەرم نەرم

یاری شەڕە ئاو لەگەڵ قژی سپیما دەکەی

کەدەبارێی... شیعر دەبارێ

دنیا دەبێتە سەمفۆنیایەکی شیعری

کەدەگەی بەهەر گەڵایەک ئاوازێک دەردەکەی

کەدەبارێی هەر تنۆکێکت.. مژدەی سەوزاییەکی پێیە

هەر دڵۆپێکت ڕەنگێک دەبەخشێتە گوڵ

بارانی... باران

کەدێی لێوی وشکی خاک تەڕ دەکەی

کەدەشبیتە جۆگە و کانی

وەک من ماسی دێتە ناو دڵتەوە

وەک من چۆلەکە خۆی پێ دەشوات

کەدەشبیتە دەریا.

پڕ دەبی لەنەوڕەس

من تژی دەبمەوە لەمنداڵی و..

دەموچاوم بەتۆ دەشۆم

لەپیریشدا... دەستنوێژت پێ دەگرم.



# ئەمشەو

لەباوەشی کام هیواوە دەفڕیی

لەئامێزی کام کەنار دەنیشیتەوە

لە ئاوی کام کانیاو جلی خەو دەدوری

بۆنی کام باخچە لەخۆت دەدەی

سەر دەکەیتەسەر کام بەردەباز و

بەیانی خۆر لەسەر سنگی تۆوە هەڵدێ و

چاوانم پێت دەڵێ


بەیانیت باش

ئەی نمایندەی باڵندە پۆستە چییەکانی شەو.



# لەئاوێنە بەس بڕوانە

لەچاومدا خۆت نابینی
وا دەزانی لەدڵمدا جێگەت تەنگە
چاوەکانم دەدەم بەتۆ
ئیتر ئاوێنە مەدوێنە
لەگەڵ باڵات گەشەم کردوە
جێ ماچەکان نەسڕیتەوە
کە تۆ پێناسەی ڕۆحمی
پاساوی چی داوا دەکەی
خۆشمەدەوێی تۆ بوونمی



# لەشاری
# وێران بووی ئاوێنەدا

خۆت مەدە دەست قەدەری تەم

دڵم بۆ تۆ سەرایەکە

ئاسمانێکە بەڕاخراوی

چاوەکانم دەدەم بەتۆ

کوچەیەک بێ بۆ هەناسەت

ئیتر ئاوێنە مەدوێنە

ببە بەلاولاوی باڵام

جێی ماچ تژیکەین لەبەرائەت

کەتۆ پێناسی ڕۆحم بی

چیم داوە لە ئەفسانەکان

کەتۆ ئاوێنە و دڵم بی

چیم داوە لەئەشکەوتەکان

کەمن دڵم یوسفی ناو بیری تۆ بێ

کەمن پەیامی خوایی بم

بۆ ئیبراهیمێکی باوک

کەکراسەکەم خۆێناوی بوو

دەبێ ڕوو لەڕۆحمان بکەین

هەردووکمان ببینە یەک ئاواز و یەک لاوک.



# تۆ

که تۆ باڵات وەک چنار بێ.

حەز دەکەم گەڵایەک بم بەلێوتەوە

کەتۆ ئاواییەکی خنجیلانە بی

حەز دەکەم ببمە تولەڕێ و

بێمە ناوتەوە

کە تۆ خەرمانی گوڵ بی

حەز دەکەم ببمە رەنگ و


بڕژێمە ناو دڵتەوە

کە من و تۆ یەک سێبەرمان هەبێ

حەز دەکەم

بۆ ئەبەد بتکەم بە مێخەک و

بتکەمە ملمەوە.



تۆكانیەكی لەمندا پڕیت لە ئاو لە گۆرانی

هەڵهاتنێكی لەمندا پڕیت لە خۆری بەیانی

تۆگوڵاوێكی لەمندا پریت لە گوڵ و لە جوانی

تۆ رۆمانێكی لەمنداپریێت لە ژیانی حەقیقەتی

ئەی بۆ نایەیت ئامێزم بۆت نیشتمانە


ئەی نازانی تاڵی سپیم

غوربەتی تۆو دابڕانە



# ئەم ئێوارە

بەبامان کوت گوێ هەڵ مەخە
بەچپە لەباسەکان دەدوێین
من لەدوورەوە بەگوێی بیستنم کوت
گوێت لێمە
خەیاڵ نەت با
لەچمکی ژوانێ دەدوێین
رۆحمان تێدا گەرم دادێ
جەستە بەنەرمە تایەك و
چپە تیدا هەناسەی توند
سوك دەبیستری
سیمامان سوور هەڵگەراوە
ئەم بایە چەندە عەجولە
دەنگمان دەدزێ،
تۆ دەبینی ژوانی پەپولەکان
چەندە کورتن بەژوانی ئێمە
ئەچێ؟
بەبا بڵێن سەر هەڵگرێ
خۆ شمدەوێی



# باڵە ونبوەکان بانگم ئەکەن

ئەستیرە کانیش

بۆ هەردووکمان تژین لەنیگان

هەورەکان جێگۆرکێ. دەکەن

دەرگاکان. لەسەر جوانیت

کەی واڵا ئەکەی



# بەدەر لە نەهاتنت

ئەم بەفری چاوەروانییەت

دەتوێتەوە

بەدەر لەسیبەری دارکاژەکە

چەندین سیبەری تر هەیە


من نیگای تەرم چاوەرێتە

کەی هەگبەی ژوانێ پر قسەکەین

کەی ببینە دوو درەختی

پایزەو کراسەکانمان

فرێ بەین



# من لەگەڵ ئەو

دوانەیەکین

دەچینە خەیاڵی یەکەوە

دەچپێنین بەگوێی یەکدی

هەندێ جار وردەگلەی و

هەندی جاریش

بەرچنەیە خۆ شەویستی

بەیەك دەدەین



# پەلکە زێڕینە حەوت ڕەنگە

چ درۆیەکی شاخ دارە


ئەوەنییە ڕەنگەکان لەنیگاتا

هەزار ڕەنگە

ڕەنگ لەچاوتا یاری دەکا

کێ دەڵێ:

وانییە.



# هەموو خەونە ئاوێتەییەکان

لەناخما دەست لەملانن

دەست لەنێو دەستی یەکدا

تاکە ترس بەرجەستە کردنە

کەبۆخۆی ترسێکێ گەورەیە

وەکووخەونی من لەلای تۆ

ئەوەش گەڕانە بەدوای مەحاڵدا



# بیرت ئەکەم

وەك زەوی قاقر بۆ باران

وەك چمکی کراسی شۆرەبی


بۆ دەم ماچی وردە شەپۆل

وەك باڵی سر بۆ فرین

وەك دوانامە بۆ خویندنەوە

وەك ئیستامن بۆ دیدارت

بیرت ئەکەم



# ژیان هێندەی چاوی کانییەک

هێندەی رەنگی پاسارییەك

هێندەی لەرینەوەی گەڵای شۆرەبیەك

لەچاوانما مابێ

چارۆکەی عەشق هێندەی سێبەرەکەم

هێندەی قەڵەمی دەستم

هێندەی برژانگی چاوم جیا بێ

هێشتا کەنارێکێ ئارامم

وەرەو لە ناو چاوما لەنگەر بگرە

ئێتر چۆن شیعرم نابێتە نێرگزو

چۆن قەسیدەم نابێتە گۆرانی

ئەوە چاوانمە بۆتە گۆزەی شەراب و

لەتۆ تێر نابێ



# ژنێتیم لێ ئه چۆرێ

من سەر بەبنەماڵەی سۆزم

بەرەچەڵەك دەچمەوە

سەربنجە گوڵاڵەسوورەیەکی کێوی

کۆن ماڵمان لە بناری کێوێکی

بڵند بوو

بارانیکی زۆر باری بە سەفەرهاتینە

ئەم پێ دەشتە

ئەی نابینی باڵام بەرزو

ئیستا ناخم پرلە سۆزە



# ئەزانی ئەزیز.....

ئەمڕۆ سەردانی باخچەکەم کرد

لەسەرکورسی ژوانەکۆنەکە

میلۆدی ووشەکانت هیشتا

چیرۆکی گوڵەباخە سوورەکەی

بۆ چەند باڵندەیەکی تر باس دەکرد

ئەو کوتی ئێمە یەکەم مووتربەی نیگامان

لیرە دەستی پێکرد

پەنجەکانی ئەویش لێرە بوونە شنەی کەزیەم

من نەمویست زیاتر نزیك ببمەوە

کوتم نەبا کەباڵندەکان منیان دی شەرم بکەن

ئەزانی خانمیك هاتە جێژوانی کورسییە کۆنەکە

سەدان باسی نوقڵە ماچیان بۆ باس دەکرد

بزەی قا قای تژی باخچەکە زەردەی دەکرد

من گوێم لێبووخانم کوتی:

من میلۆدی ماچێ بانگی کردوم

تا پەیڤەیی ژوانەکان لیرە فیر بم

تاقردیلەی ماچەکانم بە لێومەوە

هەر لێرەوە مووتربەکەم

ئەو بۆ خۆی ناوی عیشق بوو

پاساریە کانیش ڕۆحی ئیمە



# ئیوارەت باش

من پاساری خەیاڵتم

من سەروای هەموو ئەورستانەش

کە دەینووسی

من نیازمە ببمە قصیدە یەکی تازەت

یان گوڵێ بۆ دیاری جێژوانیکی نوێ

یان بتکە مە قەڵەم لێوێکی تازە

بۆ لێوم

ئەمن چبکەم خۆشمدەوێی.



بەعیشق بڵێن کەی دێتە لام

من بۆ ئەو دڵم پڕ بۆنی پرتەقاڵە

بە ژوانێ بڵێ ئاسودە بێ

کە هاتم مشتێ لە تریفەو

بەرچنەیەك دڵنیایی بۆ دێنم



من هەمیشە لەگەڵ تۆدام
ئەو ساتانەش کە لێت دوورم
دنیای تۆ پەلکێشم دەکا کاتێ کە.سێك..
بانگت دەکا شاری بیرم دەورووژێنێ
گوێم لەدەنگی ناخی خۆمە ئاوازی عیشقم لێ تێك دهەدا
تژی بەگەروو هاوار دەکا..،
کچێ کەمێك ئارامت بێ
کەس وەك دڵی ئەو لەتۆ ناگا



# ئەگەر چی؟

لەجادوویەکی ونبوونا هەڵقوڵای
ئەگەر چی ئەو شەقامەی لە چاوەروانیتابوو
قەدەر هاتوو دایە دەست لقی شۆرەبیەکان
یان لەجادوی فەنابوونا
بەدەست خوداوە ڕژان
هاواری ئامێزم ئەگاتە بنی زەریا
رەگ و ریشاڵی جەرگم بانگت دەکەن
دەمارەکانم هاوار دەکەن
تەنانەت ئەوبەشەی کەلەدڵما زیندانی کراوە
تایبەتە بەتوورەیی
ئەویش بانگت دەکا
ئەگەر چی چاوەکانم تینوی بینینی نیگاتن لەحەز
زریکەی لێوەکانم گوێچکەی لافاوکەڕ دەکا
ئەندێشەم دەیەوێ لەنێوان دڵ و
ژوانا
نوێژەبارانە بکەن
لێوەکانم بیانوی تینویەتی ئارەزووی ماچ دەکەن
باڵندەکانیش وادەزانن من هیچ نیم
لە گۆشەی ئامێزما هێلانە دەکەن
مار وادەزانێ من زەویم هەرکات نەرمبم بم کێڵێ
لەنێوان باڵەکانما پەپوولە هەیە
وادەزانن من درەختم
باران وا دەزانی من تاڤگەم هاژەم بێ
کاتی کەدەرژێم
باڵندەکان دینە خوارێ و
لێم ئەخۆنەوە.



ئەوکاتەی ئارەزوو دەبێتە گوڵ


دەبێتە خەونێ خۆر بۆ گوڵەبەرۆژەی تەفسیر دەکا

ئەگەر چی لە دەرگای هەور بوونم تۆرای

لەسەر رەوتی شەپۆل

ئەوابمکە بە رەشەبایەکی بزۆزو

بە نەرمەبارانێکێ تەڕ



# ژن باڵندەیەکە

لەئاسمانی پیاودادەفرێ

لەسەر زەوی ئەڤینەوە خۆشت بووێ

کاتێ باڵەکاني

پڕن لەجوانی

پرن لەزەمزەمەی سروودی مەستی

دەبێنە میلادی فریشتە بۆی

پرن لەپیرۆزی خودایی

باران لەسەروەزنی میهرەبانی دەبارێ

کاتێ دەتەوێ لەگەڵی بی پیاو بە نەك نێر



# وڵاتێك لەسەر زەمینی عەشق چی دەکەیین

دوای مردنم..... کەهاتمەوە

لەبیابانێکدا هەر خۆم

بێ ناونیشان

چاوەڕێبووم

چارۆکەی رۆحم پاڵ بنێی

لەپریاسکەی یادەکانم

دار چنارێک کەتژی بوو

لەبۆن مێخەك

لەو بیابانەدا هات و دەستی گرتم

وەك سپێدە پری کردم لەڕووناکی

پێکەوە لەسەر زەمینی عەشق

وڵاتێک درووست بکەین

جوگرافیای لەباڵای عەشق

مێژووی لەبرینی ژوان



شارەکانی لەگۆرانی و

باخچەکانی لەسەمایەکی ئەبەدی

***

لەم وڵاتی سەر زەمینی عەشقەدا

نیگامان کردە سروەی حەزو

چاومان هۆبەی شیعر

وەرەو باپێکەوە

شەقامەکان لێوان لێو کەین لەعەشق

کۆڵانەکانی لەقەسیدەی شەرمن

مارشی نیشتمانی خۆشەویستی

ئاڵاکەشی وێنەی دوو لێو

سنورەکانی پڕ لە میهرە بانی و

دەروازەکانی لەئاو

ناوی وڵاتەکەمان

کریستاڵی عەشقە

شاخەکانی لەماچ درووست کراوە

سەرنجەکانی نەرمە شەپۆل

بەردی چیاکانی لەتیشکی هەتاو.

***

لێرە لەم وڵاتی عەشقەدا

دەبینەوە بەمنداڵە بزێوەکەی جاران

ورك بۆ باوەشی پر موحیبەتی بەر پەنجەرە دەگرین

باشترین ئینسانەکانی

تژین لەسۆنگەی خەیاڵ



تڕین لەبۆن بەرامەی ماچ

باشترین باخچەکانی

تڕین لەجێژوان

باشترین شەقامەکانی

تڕین لەئامێزی عاشقان

لەم وڵاتی من و بەهەشتە

لەهەموو شوێنێك عەشق هەیە

دەمی شیعرم تڕی لەخەندە

لەگەڵ باران دەبارێ

لەگەڵ بەفر سپی دەبێتەوە

کەشەو دادێ

عەشق ئەستێرەکان دادەگیرسێنێ

کەرۆژ دەبێتەوە خۆر ماچی لوتکە ئەکا

لێرە بەیانیان نێرگز بەیانی باش ئەکا

ئێرە تڕیە لەماچ

وڵاتێ لەعەشق

عەشق زمانی هەموو ئاخاوتنە

دارچناری ناو باخچەکەم دێت

جگە لەهێشویەک لەماچ

کۆڵەپشتێ لەعەشق هیچی تری پێ نییە

من و ئەم دارچنارە جێگیرە

ولاتێکمان لەسەر زەمینی عەشقدا دروست کردوە.



# پەرەی دڵم

هەتا زیاتر لەپەنجەکانمەوە بتکێی

زیاتر لەکارێزی دڵمەوە دەکەویتە قەڵبەزە

هەتا زیاتر لە ناو پشکۆی چاوەکانما رابکشێ

زیاتر لەناو سکۆڵەی راستمدا بۆ ئەبەد خەوت لێدەکەوێ

هەتا زیاتر بتخەمە نێو رستەیەکمەوە

زیاتر بەباوەری تۆ بیر دەکەمەوە




# ئێوارە

کەئێوارە کڵاوەکەت داگرت چاوەڕوانتم
دەریا هەمێشە خەون بووە
درۆم بەدەم شەپۆلەوە هەڵبەستووە
تا پێت بڵێم
گەر شەقامێك یا کۆڵانێك مرد
ڕووباری هێشتازیندووە
گەر کەنارێك حەشاری نەداین
داری بەردی چیایی
ناومان بەنەهێنی دەهێڵێتەوە
هەموو شتێ ئەفسانەیە
لەوبیانوانە گەرێ
لەکافێیەکدا کاتەکانی پێ ڕەت دەکەین
هەردوو مەست
لەئاوازێ بگەرێ
هەردووکمانی پێ دڵخۆش دەبین.

***

جێژوان لەمانەوەم وەرس بوو
خۆر لەڕووخسارم بێزار بوو
هەرچەندم کرد نەمتوانی ئەو هەنیسکانەم
لەگەرووی خنکاوم بوەستێنم
پەیتا پەیتا بێ هودەیم لێ دەتکێ



ئەمەچاوەروانییەکی نەمرە لەعەشقدا
رۆمانێکە لەهەڵوەرینی یاداشتەکان
تشیک لەنێوچاوەکانم شەبەنگ دەدەن
تەنها بۆ بینینت
پرە لەفەلسەفەی غرووری.

***

وەرەو ڕەنگی ئەم ئێوارەیە مەشێوێنە
بەتاوانە یاخیەکانت
وەرەو با لەزەردەپەری ئەم ئێوارەیە نەبمە گوڵە بێناز
وەرەو بەهاتنت رۆحم سەوزدەبێت



# دەبمە
# گوڵەباخێکی چواروەرز

وەرە با لەوە زیاتر

لەنێو ئاهی ساردما کز نەدرەوشێمەوە

با دووبارە نەگەڕێمەوە

نێو تەلێسمی زستانەوە

وەکوو پەرەسێلکە پێش جووتبوون

هێلانە چێکەینەوە

من نازانم تۆ لەچ کاتژمێرێکا بانگێشت بکەم

تالە هەناسەکانی خۆت تێر هەڵمکێشی

***

لەعەشقت یاخی نابم

هەزار هێندە لەبێباکی خۆتا سەرکێش بی

هەرچی ڕۆژەکانە یەك لەدوای یەك دەیانژمێرم

وەك زەوی بەدەوری خۆری تۆدا دەسورێمەوە.



# تەمەنێکی سەهۆڵی

لە بەردەم قەدەری هاویندا.

هێشتا ژیان چرۆی نەکرد بو

هێشتا دایکم ئامادە نەبو بو

گوڵدانێک ناو بنێ (من)

هێشتا قەدەری بونم نەبوبوە دارستانێک

هێلانەیەک نەکرا بوە جێ ی  جریوەی ڕۆحی من

هێشتا لەرە

نەدرابوە لقی شۆڕە بییەکان

قەدەری من بوە لەپی دەستێک و

کچێتم درایە یەکەم بونم

قەدەری من وا بو

بومە کچێک و خرامە ناو فایلی ئەدرەسی باوکمەوە

پێش لە دایک بون

پێش (بون) لە ژورێکی بێ پەنجەرە و بێ دەرگادا

ڕەشێتی ئامادە بو بۆ هاتنم

ڕەوە ئەسپێکی یاخی ئامادە بو

بۆ شێلانی سەوزێتی ژیانم



که هاتم وەک مرۆڤ هاتم
که هاتم ڕوت وەک مانگ
چاو وەک ئەستێرە
له دایک بوم
بانگیان دا به گوێما
بانگێک جیاواز له بانگی گوێ ی کوڕ
جیاواز له بانگی مرۆڤ بون
هەر لەگەڵ گاگۆڵکێدا
ژیانیان خسته ناو قوتیەک
ئاسمانیان خسته ناو چوارچێوەیەک
که گەورە بوم
پر بوم له باڵ
بەڵام فڕین قەدەغه بو
پڕ بوم له ئەستێرە و مانگ
بەڵام ئاسمان پێچرابویەوە
من دەمویست بفڕم
نەمدەزانی ڕاوچی مانای چیه
منی شێوە کۆتر
دەمویست بفڕم
بەڵام ڕاوچیەکان ڕقیان له باڵ بو
من دەمویست چرۆ بگرم
نەمدەزانی خەزان چیه
دەمویست دابگیرسێم
کوژاندنەوە بوە قەدەرم



منی ژن دەمویست ژیان بکەمە گەردانە
دەمویست بە خەندە بۆیەی نینۆکەکانم بکەم
دەمویست بە سەوزایی لێوم ڕەنگ بکەم
دەمویست وەک تابلۆیەک
پڕ بم لە ڕەنگ
کە باوکم مەحکوم بو بە یاساکانی نەریت
نەریت هاتو بۆیەی نینۆکەکەمی شکاند
خەندەیان هەر لەسەر لێوم کوشت
دڵیان دەرهێنام نەوەک ببێتە ماڵی کوڕێک
سۆزمیان خستە ناو قەفەزێکەوە
نەوەک بەباڵای کوڕێکەوە بنیشێت
گۆرانییان لەبەردەم ئاوازی ژنێتیمدا سەربڕی
وێنەکانم قەدەغە بون
نەوەک بە دیواری کوڕێکەوە هەڵبواسرێ و
شەرەفی خێڵێک بتکێ



دەبو وا نەبم
تا ئازادی لە دڵی ئاسندا دەربهێنم
لەبەرد ئازادییەک هەڵکۆڵم
وێنەکە لە لۆکە بدات بە ژنێتیم
گەورە بوم... دەبو ئازاری خەتخەتێنی منداڵی نەمکوژێ
گەڕانەوە بۆ پەتپەتێن و ماڵە باجێنە بمگرێنێ
گەورە بوم و دەبێت
وەک مناڵێم ڕابمێنم لە پۆلە ڕێشۆڵەی سەر توەکەمان

مەحکوم بوم بەوەی لە خەیاڵدا

خانوەیەک لە گوڵ بۆ خۆم دروست بکەم

مەحکوم بوم بەوەی

وەک جەستە خۆم بدەم بە دەم شەپۆلی کلتورەوە

بەڵام دڵ لە گوڵدانێکی تردا چرۆ دەکات

من ژنێتم لە حیکایەتی عەشقەکاندا

وەک درۆیەکی گەورە دەبینی

دەمزانی ئەم پیاونە هیچیان فەرهادێک نین

تا منی شیرین بۆ مەرگی عەشقێک بژیم

دەمزانی هیچ شەمێک نابێتە گڕ

بۆ پەروانەی پیاوەکان

من باڵم هەیە ناهێڵن بفڕم

من دیدم هەیە ناهێڵن ببینم

ئەمە قەدەری منە



من نازانم ئەم جەستەیەم کە خۆم نیم

لە کام ئەفسانەوە ژنێتم خراوەتە

ژێر سێبەری شمشێرەکان

بۆ دەبێت ناوم لەسەر حکمی خنجەر بنوسرێت

دەبێت تەمەنی سەهۆڵیم

لەسەر لاشەی هاویندا لە دایک بێت

خەیاڵی بەفریم

لە ئاسمانی ئاگردا ببارێت

عەشقی چرا ئاسام

لە میحرابی کوژانەوەدا زیندانی بکرێت

ژنێتم درواتە دەم نەریتێک

یان دەبێت وەک سەهۆڵ بچمەوە باوەشی سیخچە

یان دەبێت دەبێت نەهێڵم بتوێمەوە

تەمەنێک سەرتاپا پر بێت لە پاڕانەوە

تەمەنێک پر بێت لە خوێنی گەڵای ژیان

لە ترپە ترپی دڵ نەبدا فاوڵێک بکەم و

دیواری پیاوێک ڕەش بکەم

دەبو بڵێم

ئیتر نابێت ببمە سەهۆڵ

نامەوێت لەبەردەم حوکمی هاویندا مەرگی هەسۆڵی خۆم ببینم

ئیتر دەبمەوە بە خۆم

دەچمە ناو دڵێک و

ژیان دەکەمە باخچە.تەمەنێ



# ئەسپ سوارێک

لەو بنارەوە دێتە خوارێ.
لێرەماڵێکم هەیە لە تەنهایی
پڕ پڕە لە سەمای چۆلەکە
لە پەلکە زێڕینە دروستکراوە
ماڵێک ژوورەکانی
ئاشنا بەو ساتانەی کە مناڵیم تێدا دەدۆزیەوە
ماڵێک شوشەبەند
شوشەیەک خاڵی لە ئەرشیفی شکان
لە بناری شاخێکدا لە پەنای دارستانێکدا
کە پڕە لەو کانیەیانەی
ڕۆژانە تەفسیری ئاوم بۆ دەکا
لێرە هەموو شت قسە دەکا
قسە لەگەل سەوزایی
ئەو کاتانەی سەرگوزشتەی
لەرینەوەم بۆ باس دەکا
قسە لەگەڵ گوڵاڵە سورە
ئەو کاتانەی وێنەی جێ ژوانی
خۆی و پەپوسلێمانە دەگرێ
قسە لەگەڵ دارستان



ئەو کاتانەی پەرژینی قەراخ کانی و
ژماردنی ماچی عاشقانم پێ دەدا
ئەو کاتانەی دەستم دەگرێ و
جێ پێ ی سوار چاکێکی ئەسمەرم پیشان دەدا
لێرە تەنها بنارێک
پڕ پڕی کردوم لە چاوڕوانی
لێرە تەنها دارستانێک
پڕ پڕی کردم لە باڵا
لێرە تەنها کانیەک
پڕ پڕی کردوم لە ئاو
لێرە عەشق لە هەمو شوێنێک چاوەڕێیە
لەسەر شوشەی پەنجەرەکەم
لەدرزی ئەو دیواری پەرۆی موفەرکی دایکمی لێ جێماوە
لە گوێسەبانی ماڵەکەمدا
لە فڕینی کۆترەکاندا خۆی پەخش دەکا
لێرە دوورلە شارەکان
تەنها خۆم و ماچ وباوەش و درەوشانەوەی لێ یە
ناو بە ناو ئەسپ سوارێک
لەو بنارەوە دێتە خوارێ و
بە ماچی من دووگیان دەبێ
بە پڵنگێک لە نەوەی من
سوارێک بەسەر پشتی ئەسپێکی ڕەشەوە
لە قوڵای مێژووەیەکی پڕ هاوارەوە دێ
دێت و تەنهایم دەخاتە سەر سنگی
دێت و ماڵەکەم پڕ دەکات لە درەوشانەوە



دێت و پیاسەیەکم پێ دەکات بە ناو دارستانەکەدا و
منیش دەچمە ژێر باڵی ئاسودەیی
پێم دەڵێ : ببینە لەگەڵ تۆدا
چۆن دەدەین بە پەنای هەر گوڵێکدا رەنگی دەگۆڕێ
ببینە چۆن ئەم ڕێگایە پر دەبێت لە جوانی
ئەم سوارە ئەسمەرە کە دێت
ڕووناکی لەبەر مانگ دادەکەنێ و
دەیکاتە بەری من
سورایی لە گوڵ دەسەنێ و
دەیخاتە سەر لێوانی من
سوارێک روو بارێك لە ماچ لە مندا دروست دەکات
بە گزنگ ماکیاجی سپێدەکانم دەکات
هەناسەم تێکەڵ بە هەناسەی دەکات
تیرو کەوانەکەی بە سوچی ماڵەکەمدا هەڵدەواسێت و
دەچێتە سەر پشتی ئەسپە ڕەش و
من دەخاتە پشتی خۆی و دەمرفێنێ
منیش وەک مارلێ ی دەئاڵێم
وەک و تاڤگە هاژەم دێ و
بە باڵایدا دەڕۆم
ئەو باخچەکانم بۆ دەبژێرێت و
منیش ماچەکانمان
ئەو ڕەوی ئاسکەکانم پیشان دەدا و
منیش ڕواندنی ئەو درەختانەی
کە پڕ بوون لە گۆرانی و عەشق
ئەسپ سوارێک لەو بنارەوە دێتە خوارێ و
سەفرێکم پێ دەکات بۆ ناو بەهەشت
عەشقم ئەکاتە تامی یەك رەنگ.



# لە سەهۆڵەکە دابەزین هەیە

لێرە دائەبەزم
دەمەوێ بۆن و بەرامەی سەهۆڵەکەو کۆڵانەکانی لاویم بکەم
تا بتوێمەوە و ببم بە ئاو
دائەبەزم بۆ ئەوەی ڕەنگم بگۆڕی
پەمەیی ببم و بچمەوە سەر
ڕەنگی هەقیقی خۆم
لە پەنای دوا وێستگەی تەمەنم دابەزین هەیە
تا تێبگەم منی ژن کە  پڕ بم لە جوانی
دڵێك پڕ بکەم لە ڕەنگ



هاوڕێ دائەبەزم
تا بە گوڵاوەی شەقامەکە ئاشنا بم و
بە ڕەنگی باخچەکان مەست بم
تا دانە دانەی
ملوانکەی پچڕاوی تەمەنم کۆبکەمەوە
دائەبەزم چی تر ئەم پاسانە
توانای گەشتینی منیان نەماوە بۆ باخی گشتی
لێرە دائەبەزم

دانە دانەی هاوارەکانی سەر ئەم شەقامە کۆدەکەمەوە

جارێکی تر

لەسەر شوستەی ئەم شەقامە دەیانرِوێنمەوە

دائەبەزم.......منی ژن

لە دوا وێستگەی خاڵی لە ئازادی دائەبەزم

هەمو شەقامەکانی سلێمانی چەپک دەکەم

ئەیدەمەبدەست ئەو منالانەی

کە منالیم دەبەنەوە گەڕەکەکانی چوارباخ

لە سەهۆڵەکە دابەزین هەیە

کە دابەزیم شۆستەیەک دەکەم بەهاوڕێم

بە چەخماخەی رەقیبان و لە بلێسەی ئاگری نەورۆزدا پیاسەیەك بکەم

گریانەکانمی بۆ شی دەکەمەوە

دائەبەزم  بە شار دەڵێم

بۆ منی ژن نەتوانم ژیان بکەمە گەردانەو

بەقەڵەمی سپی ڕۆحم

حیکایەتی عاشق بونم

لەسەر لاپەڕەی ڕەشی شەوانی سەهۆڵەکە بنوسمەوە

لێرە لەم شەقامە سەهۆڵیە

دائەبەزم

لەسەر میلی کاتژمێری قەدەرما دەتوێمەوە

لە سەهۆڵەکە دابەزین هەیە

تا بە تابلۆیەك پربم کەرەنگ



ببمە لەرە بۆ لقی شۆڕبیەکان
شریتی تەمەنم دەبڕم
فڕێی ئەدەمە سەر ئەو کتێبانەی
کە تۆزیان لەسەر نیشتوەو ناخوێنرێنەوە
چاوم لێرە جێدەهێڵم
دڵیشم دەدەمە دەست فڕین
پێ یەکانم دەبەخشمە هیلاکی و
پەنجەکانم لێدەکەمەوە
بە ڕێگایەکدا هاتوم
پڕ بوە لە لاشەی ئازادی
ئەو ئازادییەی کە لە دەمی کلۆم دراوی
ژنانی هاوڕێمەوە ڕژاون

هاوڕێ دائەبەزم
بە ئەسپایی دوا سڵاو
لە دوا وێستگەی دابەزین دەکەم
دەڕۆم و لەوێ لە بونێکی تردا
باخچەیەک لە هەناسە بۆ خۆم دروست دەکەم
داوای لێبوردن لە گەنم دەکەم و
ڕەنگم دەبەمەوە سەر گوڵێکی پەمەیی
بۆ ئەبەد گۆرانی عەشق دەڵێم و
دەچمە ناو دڵێکەوە
تا بمکات بە شاژنی کۆشکی باخچەیەک
باخچەیەک لە ڕاموسان و ماچ و عەشق
لە سەهۆڵەکە دابەزین هەیە
ئەمەش دوا دابەزینمە هاوڕێ.



# کۆچی ژن

ژنێ لەشاری ئاوێنەی شکاو
خۆی دایە دەست قەدەر
وەرە لەنێوچاوانی مانگەوە
لەپە نای ئاسمانی فرمێسکا
کوچەیە بەبۆ
هەناسەی ژین
دەستت لەئاوێنە هەڵمگرە
جوانی وەکو ئەڵماس
تك تك ببارێنە.

*

تۆی ژن، خوڵقێنەری جوانی
تژی لەشیعرو میهرەبانی
تۆی ژن هاوشێوەی خودای ئیرۆسیی
تۆی ژن بۆ ژیان نەسیمی تژی بارانی
نابێ و ناکرێ بەبێ تۆ ژیان
تۆ مەلێکی رەنگاوڕەنگی
چۆن دەتەوێ بفرە
پەنجەرەکان بشکێنەو
قەدەری تەمووتوومان ببرە.



ژنێ هاوشێوەی حەوا

سێو بۆ ئادەم دەچنێ

دەشێ تۆی ژن چی بکەی ؟

بکوژرێی ودەنگ نەکەی

وەك شووشەی شکاو لەزەت لەیاقوت نەکەی!

دەشێ هەموو دەروازەکان بەرووتا داخرێن

پرچەکانت بەئەڵقەی کۆت گرێ بدرێن

تۆی نێر لەباوەشی ژن دێیتە دونیاو

لەباوەشی ژن پەروەردەو سەفاو

بەڵام؟

هەر تۆی نێر ژیانی ژنت پێ لەنگە

ئاسودەیی ژنت لا کۆت و بهندە

هەر تۆی نێر

ژن دەفرۆشی

ژن بەردباران دەکەی

ژن بێبەش دەکەی

ژن دەکەی بەنیوە

ژن دەبەییتە دیسکۆ

ژنێ لەنێو تەلیسمی خوێناوی

لەبەردەم ئاوێنە دەگری

بەناوی عەشقەوە جەستەی پەرت پەرت دەبری

دەڵێێ عاشقتم بەس درۆ دەکەی

وەك مەسیح ئاسا لەخاچی دەدەی

پێت وایە عەشقی ژنت لا مەزەیە



کاتێ ئەوینی ژنێ دەمرێنی
هەوری جیهان دەتۆرێنی٠
*
ئەوەش بزانە
توورەیی ژن ئاگریکە لەبوورکان
لەریی بایەکی شێتەوە خۆی رادەستی قەدەر دەکا
دەزانێ رێی مانونەمانی مەرگ پەلکێشی دە کا
کاتێ عەشق و ئەوینی لەدەریا نوقم ئەکا
بەخەیاڵیش نایەتەوە لات
ژنێ پر لەچراخان
شارێ بوە وێرانەی دڵی
شار لەبن هەنگلی چاوە
چڵێسەکانەوە بۆی ئەبوە
بۆسە
ژنێ لەبەر ئاوێنەی ڕۆحیا
تژی بوو لەجوانی
بەڕووتی لەخاچ دەدرا
ژنێ کەخوێنیان رژانە بەر پێی
مشتێ خوێ بەزامي ئەکرا
ژنێ بۆ ئەوەی ڕووسووری ئەوان نەشکێ
دەبوو ئەم ڕووسووری خۆی بسرێ
ژنێ هێند لێی تێ هەڵچوبوون
بۆنی ئەوانی گرتبوو
ژنێ زیندوو ژنێ مردوو.



